# قەیرانی عیراق بەدواخستن چارەسەر نابێت

كـەس نییە نەزانێ كـە ((كورد، عەرەبی ســوننە، عەرەبی شیعە)) ئارەزوومەندانەو ئازادانە ئەو قەوارە سیاســییەیان دروست نەكردووە كە نــاوی دەوڵەتی عیراقــە، بەڵكە عیراق، دەوڵەتێكی نا هاوسەنگ، شــێواو و دەسكردی ئینگلیز بووە. پاشــان هەر ئینگلیــز، كەمینەی سوننەی عەرەبی هێنایە پێشەوەو تا ٢٠٠٣ بە زۆر حوكمڕانی بەســـەر هــەردوو پێكهاتەكــەی دیكــەدا كردووەو ســتەمی لێكردوون. لەم ســۆنگەیەوە ئیدی گەلێك بەناوی گەلــی عیراق دروســت نەبووە و دروســتیش نابێت بــەو مانایەی عیراقیبوون بكەوێتە پێش ئینتیمای مەزهەبی و نەتەوەییەوە.


ئاسۆ كەریم

بۆ گوڵان نووسیویەتی

پێشــتریش لە وتارەكانی خۆمدا، جەختم لەوە كردۆتــەوە، كە عیراق راســتەڕێ نابێت، بەو مانایــەی عیراق، دەوڵەتــی بەیەكەوەژیان و سەقامگیریی سیاســی، دەوڵەتی هاووڵاتی، حوكمی قانوون، دیموكراسی و خۆشگوزەرانی بێت. گریمان ئەم قەیرانەی ئێستاش بە هەوڵی ناوبژیوانان سەروبەر بكرێت و تێبپەڕێت، یان بۆ ماوەیــەك خەفەو دوابخرێت، لێ بە ڕای خۆم پاش ماوەیەكی دی، توندتر سەرهەڵدەداتەوە.

راستە قەیرانی ئێستەی عیراق، تایبەتمەندیی خۆی هەیە. هەلومەرج و فاكتەری ناوچەیی و نێودەوڵەتی، بەتایبەتی رەوشــی ســوریا و ململانێی ناوچەیی شیعە- سوننە، كاریگەریی بەسەر دابەشــبەندییە ناوخۆییەكانی عیراقەوە هەیەو بواری بۆ سازش تەسك كردۆتەوە، لێ وەك من بۆی دەچم، رەگ و ریشەی دەچێتەوە سەر ئەو قەیرانە بنیادییەی كە دەوڵەتی عیراق لە دروستبوونییەوە لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتووە.

هەڵبەت كەس نییە نەزانێ كە ((كورد، عەرەبی ســوننە، عەرەبی شــیعە)) ئارەزوومەندانەو ئازادانــە ئەو قەوارە سیاســییەیان دروســت نەكــردووە كە ناوی دەوڵەتــی عیراقە، بەڵكە عیراق، دەوڵەتێكی نا هاوســەنگ، شێواو و دەسكردی ئینگلیز بووە. پاشان هەر ئینگلیز، كەمینەی ســوننەی عەرەبی هێنایە پێشەوەو تا ٢٠٠٣ بە زۆر حوكمڕانی بەســەر هەردوو پێكهاتەكەی دیكەدا كردووەو ستەمی لێكردوون. لەم ســۆنگەیەوە ئیدی گەلێك بەناوی گەلی عیراق دروســت نەبووە و دروستیش نابێت بەو مانایەی عیراقیبوون بكەوێتە پێش ئینتیمای مەزهەبــی و نەتەوەییــەوە. دوای ٢٠٠٣ كە ئەمریــكا دەرفەتێكی بــۆ ((عیراقییەكان)) كردەوە و لە ســەدام حســێن رزگاری كردن، دابەشــبەندییە قووڵە مەزهەبی و نەتەوەییەكە كەوتەڕوو. لە پاش پەســندكردنی دەستووری عیــراق و ســاغبوونەوەی حوكمڕانــی بــۆ شــیعەكان لە ٢٠٠٥-ەوە بە هاوكاریی كورد، تاقیكردنەوەیەكی حوكمڕانی، كە تەواو جیاواز بێ لە ٨٠ ساڵی پێشــە خۆی، نیشان نەدرا، بەو مانایەی كە پرەنســیپەكانی شەراكەت و تەوافووق جێگیر ببــن و پێڕەویان لێبكرێت و هیچ پێكهاتەیــەك پەراوێز نەخرێت، بەڵكە تا ئەودەمە ئەو پرەنسیپانە بڕیان كرد كە هێزەكانی ئەمریكا لە عیراق بوون، واتە ئەو پرەنســیپانە لە بنەڕەتدا پرۆژەی ئەمریكییەكان بوون. بەو مانایەی كە بەیەكەوە هەڵكردن و شەراكەت و تەوافووق هەڵقوڵاوی ئیرادەو ویستی ئازادانەی ســەرجەم پێكهاتەكان و نوخبە سیاسییەكانیان نەبــوون. ئیدی وەك دەبینــدرێ جارێكی تر خولیای خۆســەپاندنی سانترالیستی، وەلانان و پەراوێزخســتنی شەریكە سیاسییەكانی دوو پێكهاتەكەی تر، ئەمجارە بە دیوێكی دیكەدا، دەســتی پێكردەوە. عیراق بەو باكگراوندەو بەو سەروەتە زۆرەی نەوت ((سەرنج بدەن بودجەی ٢٠١٣ ی عیراق زێتر لە ١٣٨ تریلیۆن دینارە)) و بەو گەندەڵكارییەی تێیدا دەكرێت ((عیراق لە ریزی پێشــەوەی وڵاتانــی گەندەڵكارە)) هەرگیز ململانەی لەســەر پۆست و نفووز و ســەروەت تێدا نابڕێتەوەو رەنگە ساغبوونەوەی رەوشــی سوریا بە قازانجی سوننە، ململانەی تایەفــی لە عیراق قووڵتر بكاتەوەو ئەجێندای تازە بێنێتە گۆڕێ.

لە دوای ٢٠١٠/٣/٧-ەوە، عیراق لە قەیرانێكی سیاسیی قووڵدایە. راستە كورد جارێكی دی مۆری لــە ((حوكمڕانیی شــیعە)) دایەوەو مالیكی بۆ جاری دووەم ((لە رێككەوتننامەی ١١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٠ی هەولێر)) كرایەوە بە ســەرۆكی حكوومەتی ئیتیحادی. راستە قەیرانەكە بۆ ماوەیەك كپ بۆوەو پۆست و پلەو پایەكان دابەشكرانەوە. پاش كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا لــە كۆتایی ٢٠١١، مالیكی خۆی لە جێبەجێكردنی بەندەكانی رێككەوتننامەكە دزیەوەو وردەوردە، قەیرانەكە ســەریهەڵدایەوەو كەوتــەوە روو.. بەبیانووی لە تیرۆرەوە گلان، مالیكی تانكی ناردە ســەر ماڵی هاشمی و تەڕیدەی كوردســتان و دواتر توركیای كردو دوو جارحوكمی لە سێدارەدانیشی بۆ دەركرد. صالح موتلەگ-ی جێگری خۆی بۆ ماوەیەك تڕۆكردو هەوڵی متمانە لێ ســەندنەوەی داو پاشــان هێنایەوە لای خــۆی. پێگەی خۆی لەناو ســوپادا بەهێزكرد كە لە رووی ژمارەو فەرماندایەتییەكانەوە، هاوســەنگیی لەنێوان هەر ســێ پێكهاتەكەدا تێــدا نەماوە، هەوڵی چەككڕین، چ لە ئەمریكاو سوریا، بەردەوامەو

لە بودجەی ٢٠١٣دا، (٩،٢٠٦،٨٥٦) نۆ تریلیۆن و دووسەدو شەش ملیارو هەشت سەدو پەنجاو شەش ملیۆن دینار بۆ دیفاع تەرخانکراوە، واتە ٦,٦٥٪ی تەواوی بودجەی عیراق. ئەوە بێ لە خۆدزینەوە لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ((٥ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، چونکە بەگوێرەی دەستوور دەبوایە لە کۆتایی ٢٠٠٧دا جێبەجێ بکرابایە)) و پرسە هەڵپەسێردراوەکانی دی نێوان بەغدا- هەولێر وەك بودجەی پێشمەرگە کە لە ٢٠٠٧-ەوە تا ئێستا دەکاتە (٧،٧٠٦،٤٧٩) حەفت تریلیۆن و حەفت سەدو شەش ملیارو چوارسەدو حەفتاو نۆ ملیۆن دینار لای حکوومەتی ئیتیحادی ماوەتەوەو چەندین ناهەقیی دی کە لە هەرێمی کوردستان دەکرێت. بەمەش پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا کەوتە دووڕیانێکەوە.. یان ئەوەتا، دەبوایە بەناو شەریکە سیاسییەکانی حوکمڕانیی عێراق، بەقازانجی مالیکی پێ لەم رەفتارو هەڵسوکەوتانەی بخشێنن و چی کرد ئەشهەدوی بۆ بێژن، یان ئەوەتا خەڵك و رای گشتی لێ ئاگادار بکەنەوە، دەق سەرۆك بارزانی لە وتاری ٢٠١٢/٣/٢٠ رێگەی دووەمی هەڵبژارد.

مالیکی بەرامبەر کوردستان هەوڵیداوە لەسەر چەند ئاستێك کاربکات: ئاستی یەکەمیان، کەرتکردنی ریزەکانی گەلی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی، کە ئەوەی بۆ نەچووە سەر، دووەمیان ویستی وێنای قەیرانەکە، وەك کێشەی نێوان حکوومەتی ئیتیحادی و هەرێم نیشان بدات بۆ راکێشانی هەندێ لایەنی عەرەبی سوننە بەتایبەتی لەناو ((لیستی عیراقیە)) و لەدوای قووڵبوونەوەی قەیرانەکەو لەشکر کۆکردنەوە لەسەر سنووری کوردستان بەناوی ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلەوە، بۆ راکێشانی سۆزی شۆڤینیستان بەتایبەتی عەرەبی سوننەی ناوچە کێشەلەسەرەکان، رەهەندێکی نەتەوەیی: کورد- عەرەبی بەو قەیرانەدا و لە دوا وتاریشیدا ((٢٠١٢/١٢/٧))، دەیەوێ تورکمانیش بە گژ کورددا بکاتەوە. لەبەرامبەر ئەو هەولانەدا، کوردیش دەستی لە چۆکی وەرنەهێناوەو بۆ دیفاعکردن لە خۆی، هەموو میکانیزمێکی گرتۆتەبەر و دەگرێتەبەر.

بۆ رێگەگرتن لە شەڕو پێکدادان، زۆر کەس و لایەن وەکو ناوبژیوان و رێنوێنیکار هاتوونەتە سەر خەت: ئەمریکا، ئێران، نەتەوە یەکگرتووەکان، هەڵوێستی گەورە مەرجەعی شیعە سیستانی و حەوزەی عیلمی لە نەجەف، صەدر، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق و خەڵکانی دیکەیش.. راستە هەندێ لایەنی ناو ((تەحالوفی وەتەنی شیعی)) وەکو مەجلیسی ئەعلا و صەدرییەکان، هەڵوێستێکی جیایان لە مالیکی و دەوڵەتی قانوون هەیە، بەڵام هێشتا ((تەحالوف)) هەڵوێستێکی رەسمیی دەرنەبڕیوەو هەمان شت سەبارەت بە ((عیراقییە))ش راستە، کە زێتر دەوری ناوبژیکار، یان خۆبێدەنگگردن دەبینن. با لێرەو لەوێ عەللاوی قسەیەکی دی بکات.. بەڵام لە سەرێکی تریشەوە لەم تەحادییانەدا، یەکێتیی ناوماڵی کورد خۆی، کە ئاماژەو پەیامێکی گرنگ بوو بۆ هەموو لایەنێك.

وێدەچێ، رایەکی وا پەسندبکرێ، کە خەڵکی ناوچە کێشەلەسەرەکان، لە رێگەی ((پۆلیسی ئەو ناوچانە))وە ناوچەکانیان لەرووی تەناهیەوە بپارێزن و هەم هێزی سوپای عێراق و هەم پێشمەرگەیان لێ بکشێنەوە. ئەگەر ئەو فیکرەیە سەربگرێ و فیکە بەدەورەی تێدا نەکرێ ((مالیکی خەریکە عەرەبەکانی ئەو ناوچانە پڕچەك بکات و گرفتی تر دەنێتەوە))، رەنگە کێشەو قەیرانەکە بۆ ماوەیەك کپ ببێتەوە. لێ چارەسەری دروست ئەوەیە، ماددەی ١٤٠ بێتە جێبەجێکردن کە وێناچێ مالیکی سەر بێنێتە بەرێ. لێ ئەوەی کە قەیرانە سیاسییەکە لە رەگوریشەوە چارەسەر بکرێ و سەرکردایەتی لایەنەکان متمانە بەیەکدی بکەنەوەو بۆ دەستوور بگەڕێنەوەو عیراق لە فیتنەو شەڕی مەزهەبی و نەتەوەیی ((کە بەلای کوردەوە هەرگیز نەخوازراو بووە))، رزگاربکەن، ئەگەر مەحاڵ-یش نەبێ ئاسان نییە؟ یان ئەوەتا عیراق لەناو گێژەنی قەیرانەکاندا، واتە قەیران دوای قەیران، خول دەخواتەوەو هیچ دەرەتان و دەرفەتێکی لەبەردەمدا نامێنێتەوە لە هەڵوەشانەوە وەکو دەوڵەت بترازێت یان سەرلەنوێ رێکخستنەوەی عێراق لەسەر بنەمایەکی گونجاوتر، بۆ هەمووان بە کوردیشەوە، لەوانە کۆنفیدراڵی.

رەنگە ئەو کەس و لایەنانەی پێیانوایە، هێشتا دەرەتانێك بۆ چارەسەر ماوە، بەڵگەو ئەرگیومێنتی خۆیان هەبێت. لەبەرامبەریشدا، خەڵکانێکی دی هەن، کە بەڵگەی خۆیان هەیەو عیراقیان پێ دەوڵەتێکی فاشیلە بەگوێرەی پێوەرە سیاسی و تەناهی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە ((بەگوێرەی گۆڤاری فۆرن ئەفێرز-ی ئەمریکی لە کۆی ١٧٧ دەوڵەت، عێراق نۆیەمە)) و هەرگیز راست نابێتەوەو سەقامگیری و بەیەکەوە هەڵکردن و شەراکەت و تەوافوقی تێدا بووە بە شتێکی مەحاڵ و خزمەتگوزاریی تێدا زۆر کەم بووە. تاکە رێگەش هەڵوەشانەوەی عیراقە بەو شێوەیەی کە ئێستا هەیەو بەڕێوەدەبرێت..

**بۆ رێگەگرتن لە شەڕو پێکدادان، زۆر کەس و لایەن وەکو ناوبژیوان و رێنوێنیکار هاتوونەتە سەر خەت: ئەمریکا، ئێران، نەتەوە یەکگرتووەکان، هەڵوێستی گەورە مەرجەعی شیعە سیستانی و حەوزەی عیلمی لە نەجەف، صەدر، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق و خەڵکانی دیکەیش**

**رەنگە کێشەو قەیرانەکە بۆ ماوەیەک کپ ببێتەوە. لێ چارەسەری دروست ئەوەیە، ماددەی ١٤٠ بێتە جێبەجێکردن کە وێناچێ مالیکی سەر بێنێتە بەرێ**

**پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە کۆتایی ٢٠١١، مالیکی خۆی لە جێبەجێکردنی بەندەکانی رێککەوتننامەکە دزیەوەو وردەوردە، قەیرانەکە سەریهەڵدایەوەو کەوتەوە روو**


**قەیرانی ئێستەی عیراق، تایبەتمەندیی خۆی هەیە. هەلومەرج و فاکتەری ناوچەیی و نێودەوڵەتی، بەتایبەتی رەوشی سوریا و ململانێی ناوچەیی شیعە- سوننە، کاریگەریی بەسەر دابەشبەندییە ناوخۆییەکانی عیراقەوە هەیەو بواری بۆ سازش تەسک کردۆتەوە**



# ئەقڵیەتی دیکتاتۆری و دەرکەوتنەوەی دەوڵەتی دڕندە

# گێڕانەوەی پرۆسەی دیموکراتییە بۆ خاڵی سفر

((پاش بەدەستهێنانی ئەو دەسکەوتە مێژووییانەی بزاڤە دیموکراتیەکان لەماوەی چەند دەیەی رابردوو لە بواری چەسپاندنی دیموکراتی لە جیهاندا بەدەستیان هێناوە، وا جارێکی دیکە رەوتی بەرەو پێشەوەچوونی باهۆزی دیموکراتی دووچاری چەقبەستن دەبێتەوە و دەوڵەتی دڕندە (Predatory states) سەرهەڵدەداتەوە، سەرهەڵدانەوەی ئەم دەوڵەتە دڕندانەش بێجگەلەوەی مەترسیەکی گەورە لەسەر دیموکراتیە تازەکان دروست دەکات، لەهەمان کاتدا مەترسی گەورەش لەسەر دیموکراتیە کامڵەکانی سەرانسەری جیهان دروست دەکەن، بەڵام بە هاوکاری وڵاتانی رۆژئاوای دیموکراتی دەکرێت ئەم ئاڕاستەیە پێچەوانە بکرێتەوە، ئەوەش بە رێگەی جەختکردنەوە لەسەر پیادەکردنی حکومڕانی باش و لێپرسینەوەی توند لەو جۆرە حکومەتانە)).



لاری دایمۆند







گەورەترین مەترسـی لـەدوای رووخانی دیکتاتۆریـەت دووبـارە سـەرهەڵدانەوەی دیکتاتۆریەتێکی دیکەیە، دەوڵەتانی رۆژئاوا لەسـەروبەندی رووخانی دیـواری بەرلین و کۆتایـی هاتنی رژێمـە تۆتالیتارەکانی ناوەڕاسـت و رۆژهەڵاتی ئەورووپا، رۆژئاوا گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە ئیدی رژێمی و تۆتالیتـار و دیکتاتۆری کۆتایی هات و

**پرۆفیسۆر دایمۆند سەبارەت بە عێراق لە توێژینەوەیەکیدا راشکاوانە ئاماژەی بەوەکردووە کە بوونی دیاردەی تیرۆر و توندوتیژی سیاسیی دوو هۆکاری سەرەکین کە پرۆسەی دیموکراتییان لە عێراقدا پەکخستووە و خەریکە دەوڵەتی عێراق دەکاتە دەوڵەتێکی دڕندە بەسەر هاووڵاتیانی خۆیەوە**

جیهان بەرەو جیهانێکی دیموکراتی هەنگاو هەڵدەگرێت، هەر بۆ ئەم مەبەسـتەش وەك بیرمەندی فەرەنسی ئالان تۆرین لە کتێبی (دیموکراتی چییـە؟) ئاماژەی پێکردووە، رۆژئاوا و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان زۆر زوو مەبەسـتیان بووە کە ئاهەنگی سەرکەوتنی دیموکراتی لەپراگی پایتەختی چیك بگێڕن، لەمبارەوە نووسـیوویەتی: (لە ساڵی ١٩٨٩ فیدیریکۆ مایور ساراگۆسـا بەڕێوەبەری گشـتی رێکخراوی یۆنسکۆ داوای لێکردم بەرپرسـیاریەتی فیکـری ئـەو کۆنگرە نێودەوڵەتیە سەبارەت بەدیموکراتی هەڵبگرم کە لەساڵی ١٩٩١ بەسـەرۆکایەتی ئەو و فـاکلاڤ هاڤیل لە بـراگ گرێدرا، بۆیە ئەو راپۆرتەی کە بۆ کردنەوەی ئەو کۆنگرە ئامادەم کردبوو، بووە دەسپێکی نووسینی ئەم کتێبە(دیموکراتی چییە؟).

هێنانەوەی ئەم قسـەیەی ئـالان تۆرین بۆ ئەو مەبەسـتەیە کە رۆژئاوا لەسەرەتادا لەو بڕوایەدا بوو کە سـەردەمی تۆتالیتاریەت و دیکتاتۆریەت کۆتایی پێ هات و هەر هێندە سـندوقی هەڵبژاردن دانـرا ئیدی بەهاری

دیموکراتی دەسـت پێدەکات و ئەو کێشـەو گرفتانەی دێنە پێشـەوە کێشـەو گرفتی قۆناخی راگواسـتنن لـە دیکتاتۆریەتەوە بۆ دیموکراتی، بـەڵام رەوتی رووداوەکانی یوگسلافیای پێشوو ئاکامی هەڵبژاردنەکان ئاکامێکی دیکەیان خستەڕوو ئەوەیان پیشاندا، هەندێـك لەو گیروگرفتانـەی لە قۆناخی راگواستن بەرەو دیموکراتی روودەدەن، کێشەو

**ئێستا نوری مالیکی نەك هەر بە سوپاکەی هەڕەشە لە کوردستان و کوردستانیەکان دەکات. بەڵکو رەفتاری دڕندانەی گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بانگێشە بۆ شەڕ لە نێوان کورد و عەرەب بکات و دەیەوێت پیلان و مەرامە شەخسیەکانی خۆی بخاتە چوارچێوەی وروژاندنی شەڕێکی رەگەزپەرستانە**









گرفتی بونیادنانی دیموکراتی نین، بەڵکو کێشەو گرفتی ئەقڵیەتی دیکتاتۆرەکانە کە بەرێگەی سندوقی دەنگدان دەگەنە دەسەڵات و پاشان کە گەیشتنە دەسەڵات، خودی ئەو دەسەڵاتە دەبێتە ئاستەنگ و گرفت بۆ دیموکراتی دروست دەکات و پرۆسەکە نەك هەر رادەوەستێت، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ خاڵی سفر، ئەم حاڵەتە لە ساڵی ١٩٩٧ بیرمەندی لاوی بەرەگەز هیندستانی فەرید زەکەریای گەیاندە ئەو قەناعەتەی کە هەڵبژاردن بەبێ بوونی دەستوورێکی مەدەنی و پابەند بوون بەو دەستوورەوە، دیموکراتیەکی نەخۆش یان ئەنتی لیبرالی بەرهەمدەهێنێت، ئەم توێژینەوەیەی لە ساڵی ١٩٩٧ بەناونیشانی سەرهەڵدانی دیموکراتی ئەنتی لیبرالی (The Rise of Illiberal Democracy) لە گۆڤاری فۆرین ئەفیرز بڵاوکردەوە، لەم توێژینەوەیەدا زەکەریا باس لە مەترسی سەرهەڵدانەوەی تۆتالیتارییەت و دیکتاتۆریەت بەرێگەی سندوقی هەڵبژاردن دەکات و نووسیوویەتی: (گەورە دیپلۆماتی ئەمریکی ریچارد هۆڵبرۆگ بیری لەوە دەکردەوە کە ئەوان بەوجۆرە سەیری هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٦ی بۆسنیایان کردووە، کە دووبارە ژیانێکی مەدەنی شایستە بۆ وڵاتێکی لەبەریەکهەڵوەشاو بگێڕێتەوە، تەنانەت هەتا ئەگەر مەزندەی ئەوەش بکەین کە هەڵبژاردنەکە پاك و بێگەردیش بوو بێت، ئەوا ئاکامی هەڵبژاردنەکە پێمان

**توێژینەوەکان لەسەر رەوتی لادانی دیموکراتی لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو ئاماژە بەوە دەکەن. کە لەماوەی ١٠ ساڵی رابردوو لادان لەدیموکراتی بەرەو پۆپۆلیست و دیکتاتۆریەت لەو هەنگاوانەوە دەستی پێکردووە. کە سەرۆك وەزیران یان سەرۆکە هەڵبژێراوەکان سنووری دیاریکراوی خۆیان بەپێی دەستوور بەزاندووە**

دەڵێت ئەو هەڵبژاردنە هەڵبژاردنی رەگەز پەرستان و جیاخوازان بووە بە ئاشکرا دژی تێکەڵاوبوونەوە و پێکەوە ژیان بوون، ئەمەش تەنیا کێشەی یوگوسلافیای پێشوو نییە، بەڵکو رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر لەسەرانسەری جیهاندا دەردەکەون، ئەو رژێمانەی کە بەرێگەی هەڵبژاردن دێنە دەسەڵات لە زۆر حاڵەتدا دووبارە هەڵدەبژێردرێنەوە، ئەوا زۆر بەرۆتینی ئەو دەسەڵاتە دەستووریە پێشێلدەکەن کە دەسەڵاتەکەی سنوردار کردون و هاووڵاتیانیان لە ماف و ئازادییە سەرەکیەکان بێ بەش دەکەن، ئەم دیاردەیەش لە پیرۆەوە تا دەسەڵاتی نیشتمانی فەلەستین و سیرالیۆن هەتا سلۆفاکیا و پاکستان هەتا فلبین بوونی هەیە، هەمووممان دیاردەیەکی قێزەوەن دەبینین ئەو هەڵکشانی دیاردەی دیموکراتی ئەنتی لیبرالیە))، ئەم توێژینەوەیەش بووە هەوێنی کتێبە بەناوبانگەکەی فەرید زەکەریا کە لەساڵی ٢٠٠٣ بەناونیشانی (ئایندەی ئازادی) بڵاویکردەوە، لەم کتێبەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ئەگەر دیموکراتیەت تەنیا لە

تەنانەت هەتا ئەگەر هەڵبژاردنەکە پاك و بێگەردیش بێت، ئەوا ئایندەی ئازادی و لیبرال دیموکراتی دەکەوێتە مەترسییەوە، لەبەر ئەوەی مەرجی سەرەکی بۆ بونیادی دیموکراتی سندوقی هەڵبژاردن نییە، بەڵکو بوونی دەستوورێکی مەدەنی و پابەندبوونە بەو دەستوورە مەدەنییەوە.


ئەوەی لێرەدا جێگەی نیگەرانی بیرمەندانی سیاسیی و تایبەتمەندەکانی بونیادی دیموکراتیە لەسەرانسەری جیهاندا، ئەوەیە کە ئیدارەکانی ئەمریکا و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی وەك فریدەم هاوس، هێندەی شانازی بە ئاکامی هەڵبژاردنەکانەوە دەکەن، هێندە لەسەر چۆنیەتی چەسپاندنی دەگرن، لەبەر ئەوەی ئەمریکا ئەو ڕژێمانە بەدۆست و هاوپەیمانی خۆی دەزانێت، ئەم دیاردەیە لەساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن پرۆفیسۆر و بیرمەندی سیاسی ئەمریکی (لاری دایمۆند) لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی (گەڕانەوەی دیموکراتی و سەرهەڵدانەوەی دەوڵەتی دڕندە - The Democratic Rollback: The Resurgence of the Predatory State) لە گۆڤاری فۆرین ئەفێرز بڵاو کرایەوە، لەم توێژینەوەیەدا پرۆفیسۆر دایمۆند جیهان لە ڕاوەستان یان چەقبەستن و گەڕانەوەی بۆ دواوەی پرۆسە دیموکراتیەکان لە جیهاندا ئاگادار دەکاتەوە و ئەم چەقبەستن و گەڕانەوە بۆ دواوەیەش ئەمریکان و، هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە گەڕانەوەی ئەقڵیەتی دیکتاتۆری وەك تیرۆر ئاشتی و ئاسایشی جیهان دەخاتە مەترسیەوە، پرۆفیسۆر دایمۆند سەبارەت بە عێراق لەو توێژینەوەیەدا ڕاشکاوانە ئاماژەی بەوەکردووە کە دوو هۆکاری سەرەکی پرۆسەی دیموکراتیی لە عێراقدا پەکخستووە و خەریکە دەوڵەتی عێراق دەکاتە دەوڵەتێکی دڕندە بەسەر هاووڵاتیانی خۆیەوە، ئەو دوو هۆکارەش بریتین:

١- بوونی دیاردەی تیرۆر

٢- بوونی دیاردەی توندوتیژی سیاسیی

کەواتە ئەگەر عێراق بەنموونە وەربگرین، هەستدەکەین دیاردەی پیادەکردنی توندوتیژی

**عێراقیەکان چاوەڕێی ئەوەبوون دوای زیاتر لە ٨٠ ساڵی زستانی سیاسیی دیکتاتۆریەت، بە سەرکەوتنی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق بەهاری ئازادی دەست پێبکات، بەڵام هەژموون و باڵادەستی حزبێکی سیاسی وەك حزبی دەعوا، ئاڕاستەی ئەم بەهارەی پەکخست و پرۆسەی دیموکراتی سڕکرد**



ڕەگوڕیشەی دیموکراتی و بەردەوامی پرۆسەی دیموکراتی هەڵوێستیان نییە، زیاد لەمەش ئیدارەی ئەمریکا و هەندێك لەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیانەی چاودێری پرۆسەی دیموکراتی لە جیهاندا دەکەن، بەشێوەیەکی ئیزدواجیانە هەڵوێست بەرامبەر ئەو دەوڵەتانە وەردەگرن کە بنەماکانی دیموکراتی ستاندەر یان دەستووری وڵاتەکەیان جێ بەجێ دەکەن، هەر بۆ نموونە ڕەخنەیەکی زۆر توند لە هۆگۆ شافێزی سەرۆکی فەنزویلا و فلادیمیر پۆتینی سەرۆکی روسیا دەگرن، لەبەر ئەوەی بە دوژمنی ڕۆژئاوای دەزانن، بەڵام ڕەخنەیەکی زۆر نەرم لەوڵاتانی وەك (ئەسیوبیا و عێراق و پاکستان) بەوجۆرە تەفسیر دەکات، کە دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانەوەی دیکتاتۆر و گۆڕینی سیمای دەوڵەتە لە دەوڵەتێکی مەدەنیەوە بۆ دەوڵەتێکی دڕندە بەسەر هاووڵاتیانی خۆیەوە، کە دەوڵەتیش بەرەو دەوڵەتی دڕندە هەنگاوی هەڵگرت دەچێتە خانەی ئەو دەوڵەتانەی کە بەپێی ئەو ناوەی لە ئەدەبیاتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ناو دەبرێت دەبنە (دەوڵەتی شەڕخواز یان دەوڵەتی شەیتانڕەفتار)، هەتا ئێستا ئەو دەوڵەتانەی لە ئەدەبیاتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە دەوڵەتی شەڕخواز یان شەیتانڕەفتار ناودەبرێن، ئەو دەوڵەتانەن کە ئەمریکا بە دەوڵەتی نەوای تیرۆریستان وەسفیان دەکات یان ڕاستەوخۆ نەیاری سیاسی و تەسفیەکردنی نەیارانی سیاسی لەلایەن حکومەتی مالیکیەوە هیچ لە کردەوە تیرۆریستیەکان کەمتر نییە، هەربۆیە ئەگەر حکومەتی عێراق و شەخسی نوری مالیکی پیادەی سیاسەتێکی هاوبەشی لەسەر پرانسیپی شەراکەتی نیشتمانی بکردایە، لەوانەبوو پێکهاتە عێراقیەکان بەسەر تیرۆریستاندا زاڵ بونایە و ئەم کێشەیە چارەسەر بکرایە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەرەو تاکڕەوی هەنگاو هەڵدەگرێت و دووبارە پیادەی سیاسەتی پاکتاوکردنی نەیارەکانی دەکات و کێشە ئیتنی و مەزهەبی و نەتەوەییەکانی عێراق دەوروژێنێت بۆ ئەوەی بارودۆخەکە ئاڵۆز بکات و پیلان

و مەرامەکانی خۆی بشارێتەوە، ئەوا جیا لەوەی زەمینەیەکی لەباری دروستکردووە بۆ ئەوەی هێندە بارودۆخەکە ئاڵۆزتر بێت و سەقامگیری بوونی نەبێت و حکومەت بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری پەکی بکەوێت، لەهەمانکاتدا دەوڵەتی عێراقی بەرێگەی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی سوپا و هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش کردۆتە دڕندەیەك دژی هاووڵاتیانی خۆی، هەر بۆ نموونە ئێستا پێکهاتەی عەرەبی سوننە وەك دڕندە لە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و سوپا دەڕوانن و وەك هێزی پۆلیس و ئاسایش و سوپای نیشتمانی خۆیان سەیری ناکەن، بەڵکو وەك پۆلیس و ئاسایش و سوپای یەك شەخس و

بەڵکو رەفتاری دڕندانەی گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بانگێشە بۆ شەڕ لە نێوان کورد و عەرەب بکات و دەیەوێت پیلان و مەرامە شەخسییەکانی خۆی بخاتە چوارچێوەی وروژاندنی شەڕێکی رەگەزپەرستانە، کە بەدرێژایی شۆڕشەکانی کوردستان ئەم کارە تەحریم کراوەو مەرجەعەیەتی گەورەی شیعەش لەسەر ئەم مەسەلەیە هەڵوێستی مێژوویی تۆمارکردووە کە رێگەی نەداوە شۆڕشی کوردستان دژی رژێمەکانی عێراق بگۆڕێت بۆ شەڕی نێوان کورد و عەرەب، بۆیە ئەمەی ئێستا مالیکی دەیکات پێش ئەوەی دژی گەلی کوردستان بێت، دژی ئەو هەڵوێستە مێژووییەی مەرجەعیەتی

هێزە خێرخوازەکان و دراوسێکانی عێراق و هێزە نێودەوڵەتیەکان سنوورێکی بەپەلە بۆ ئەم ئەقڵیەتە دیکتاتۆریەتە دانەنێن، ئەوا رەفتارەکانی سەرۆك وەزیران جارێکی دیکە عێراق دەخاتەوە بەردەدم ئەگەرە خراپەکان، هەروەك چۆن لەساڵی ٢٠٠٥ پرۆفیسۆر دانیال بایمەن ئیدارەی ئەمریکی ئاگادار کردووە (تەنیا پێنج رێگە چارەی خراپ لەبەردەم عێراقدا هەیە - Five bad option for Iraq) کە یەکێك لەو ئەگەرە خراپانەی بایمەن ئاماژەی پێکردووە تەقینەوەی بارودۆخەکەیە کە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت هەموو ناوچەکە بگرێتەوە، ئەگەر سەرنج لەم هۆشداریەی بایمەن بدەین کە





یەك حزب سەیری دەکەن و لێی دەترسن و خۆیانی لێ دەشارنەوە، لایەنی کوردستانی کە خۆیان دووبارە بونیادنەرەوەی هێزەکانی سوپای عێراقن و سوپای نوێی عێراق لەیەکەمین یەکەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێکهێنرایەوە، ئێستا هێزی پێشمەرگە ناچار بووە سەنگەری بەرگری بەرامبەر ئەو سوپایە بگرێت کە سەرۆك وەزیران کردویەتە سوپای دەوڵەتێکی دڕندە و هەڕەشە بۆ سەر پێکهاتەیەکی سەرەکی عێراق کە ئەم پێکهاتەیە بەپێی دەستووری عێراق هاوبەش و شەریکە لەعێراقدا، بەڵام ئێستا نوری مالیکی نەك هەر بە سوپاکەی هەڕەشە لە کوردستان و کوردستانیەکان دەکات،

گەورەی شیعەیە کە ئایەتوڵلا موحسین حەکیم بەرامبەر شۆڕشی کوردستان و گەلی کوردستان تۆماری کردووە، ئەگەر لێرەوە سەرنج بدەین هەست دەکەین کاتێك ئەقڵیەتی دیکتاتۆری پرۆسەی دیموکراتی دەگەیەنێتە بنبەست و رووخساری دەوڵەت لەدەوڵەتێکی مەدەنییەوە دەگۆڕێت بۆ رووخساری دەوڵەتێکی دڕندە، ئەوا وەك لە رەفتارەکانی ئێستای سەرۆك وەزیرانی عێراق دەیبینین، ئەم دڕندەییە تەنیا بەرامبەر بەرامبەرەکەی نییە کە ئێستا هێزی پێشمەرگە و گەلی کوردستانە، بەڵکو بەرامبەر مێژووی پڕ سەربەرزی نەتەوەکەی وەك عەرەب و مەزهەبەکەی وەك شیعەشە، هەربۆیە ئەگەر

لەساڵی ٢٠٠٥ پێشبینی کردووە سەبارەت بە تەقینەوەی بارودۆخی عێراق بەوەی بێجگە لەوەی دەبێتە هۆکاری ئەوەی دەوڵەتی عێراق بوونی نەمێنێت، لەهەمانکاتدا ناوچەکەش بگرێتەوە، ئەگەر بەراوردی ئەوکات لەگەڵ ئێستا بکەین کە هەموو ناوچەکە لە گێژان و کولانێکی تایبەتدایە، پرسیار ئەوەیە ئەگەر رێگە بەرەفتارەکانی مالیکی نەگیرێت چ ئاکامێکی لێدەکەوێتەوە.

### هۆکاری کێشەکان شێوازی حکومڕانیە نەك دەموچاوەکان

شێوازی حکومڕانی ئێستای سەرۆك وەزیرانی عێراق، هەوڵێکە بۆ ئەوەی عێراقیەکان لە دیموکراتی نائومێد بن، لەبەر

سیستمی تازەی دیموکراتی نەتوانێت لەسەر هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگە و لەسەر ئاستی پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە هەموو توانا و رەنگەکان پێکەوە کۆبکاتەوە و سیستەمی حکومڕانی پابەندبوونی خۆی بەدەستوور نەسەلمێنێت بەوەی هاوولاتیان بگەیەنێتە قەناعەت کە سیستمی دیموکراتی باشترین فۆرمی حکومڕانە، ئەوا ئەو حکومەتە توانای ئەوەی نابێت کێشەکانی حکومڕانی چارەسەر بکات، هەروەها توانای ئەوەشی نابێت کە لە ئاستی مەزندە و داواکارییەکانی خەڵك و هاووڵاتیانی خۆی بێت، لەهەمانکاتدا توانای ئەوەشی نامێنێت کە بتوانێت کێشەی تاوان و تیرۆر جڵەوگیر بکات و سەقامگیری بونیاد بنێت، لەم حاڵەتەشدا کەوەك ئێستای عێراق دەوڵەت خۆی دەبێتە ژینگەیەکی گونجاو بۆ گەندەڵی و نەهێشتنی شکۆ و پێگەی دەسەڵاتی دادوەری، ئەوا بەرپرسانی نزیکی سەرۆك وەزیران سەروەریی یاسا لەخوار خۆیانەوە سەیر دەکەن و هیچ دەسەڵاتێك نامێنێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات، لەم حاڵەتەدا کە بارودۆخەکە دەگاتە ئەم ئاستە خەڵك بە ئاستێك لە پرۆسە دیموکراتیەکە نائومێد دەبێت کە بە ناچاری بەدوای بەدیلی دیکە بگەڕێت، ئەمەش وەك ئەزموونی وڵاتانی دیکە دەریانخستووە پەنابردنە بۆ تۆتالیتار و دیکتاتۆرە بەهێزەکان، هەروەك چۆن مالیکی و حزبەکەی ئێستا بەترس و تۆقاندن و تەسفیەکردنی نەیارەکانیان ئەم بارودۆخەیان لە بەغدا دروستکردووە، توێژینەوەکان لەسەر رەوتی لادانی دیموکراتی لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو ئاماژە بەوە دەکەن، کە لەماوەی ١٠ ساڵی رابردوو لادان لەدیموکراتی بەرەو پۆپۆلیست و دیکتاتۆریەت لەو هەنگاوانەوە دەستی پێکردووە، کە سەرۆك وەزیران یان سەرۆکە هەڵبژێراوەکان سنووری دیاریکراوی خۆیان بەپێی دەستوور بەزاندووە و دەسەڵاتی حکومەتیان بەپێی مەزندەی خۆیان بەئاستێك فراوان کردووە، کە دەسەڵاتەکانی دیکە بخەنە پەراوێزەوە و لەبەرامبەریشدا بەهەموو شێوەیەك تەنانەت بە پەنابردنە بەر بەکارهێنانی هێزەکانی سوپا هەوڵیان داوە رکابەرە سیاسیەکانیان تەسفیە پێ بکەن و پەنا بۆ تەزویر لە هەڵبژاردنەکان بەرن، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی بەشێکی زۆر لە بنەما گرنگەکانی دیموکراتی بسڕنەوە، بەمجۆرە

**هەندێك لەو گیروگرفتانەی لە قۆناخی راگواستن بەرەو دیموکراتی روودەدەن، کێشەو گرفتی بونیادنانی دیموکراتی نین، بەڵکو کێشەو گرفتی ئەقڵیەتی دیکتاتۆرەکانە کە بەرێگەی سندوقی دەنگدان دەگەنە دەسەڵات**

ئەم سەرهەڵدانەوەی ئەقڵیەتی دیکتاتۆری لەسەرانسەری جیهاندا، حکومڕانی وڵاتیان بەم ئاراستە خراپ بردووە کە لێرەدا بە کۆمەڵێك خاڵ ئاماژەیان پێدەکەین:

١- هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و سوپا، دەبنە هێزگەلێکی خراپ، لەبری ئەوەی خەڵك لە سایەیاندا هەست بە ئارامی بکەن، خەڵك لێیان دەترسێت و بۆ ترساندن و سەرکوتکردنی خەڵك و نەیارە سیاسیەکان بەکاردەبرێن.

٢- دیاردەی سەرکوتکاری و خۆسەپاندن لەسەر ئاستی لۆکاڵ و لەسەر بنەمای جیاوازی مەزهەبی و نەتەوەیی دەبێتە دیاردەیەکی زاڵ.

٣- دامەزراوەکانی دەوڵەت دەبنە دامەزراوەی بیرۆکراسیەتێکی ناپەسەند و دەبنە ئاستەنگ بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری و راپی کردنی مامەڵەی هاووڵاتیان.

٤- گەندەڵی دەبێتە دیاردە و دەسەڵاتی دادوەری دەرەقەتی نایەت.

٥- دەستەبژێری حکومڕان بێجگە لەگەندەڵی دەبنە بەرتیلخۆر و گاڵتە بەشکۆی دەوڵەت دەکەن و یاسا ناتوانێت لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات.

٦- بەشداری سیاسیی هاووڵاتیان مانایەکی نامێنێت و بەشدارییەکەیان دەبێتە کارتۆنی تەنیا بریتی دەبێت لەشەرعیەتدان بە رەفتارە دیکتاتۆرییەکان.

٧- هەڵبژاردن ئەنجامدەدرێت، بەڵام ململانێ لەنێوان گەندەڵکاران و ئەو حزبانە دەبێت کە بروایان بەدیموکراتی نییە.

٨- پەرلەمان و حکومەت بوونی دەبێت، بەڵام ئەم پەرلەمان و حکومەتە نابێتە رەنگدانەوەی هەموو چین و توێژ و پێکهاتە جیاوازەکانی وڵات، پێکهاتەیەك باڵادەست دەبێت و ئەوانی دیکە دەکەونە پەراوێزەوە.

٩- لە وڵاتدا دەستوور هەیە، بەڵام هەموو رەفتارەکانی حکومەت نادەستووری دەبێت و بە ئاشکرا دەستوور پێشێلدەکرێت.

ئەم خاڵانەی ئاماژەمان پێکردن هیچیان لە توێژینەوەیەکدا نەهاتوون کە تایبەت لەسەر عێراق نووسرابن، بەڵکو لەو توێژینەوانە ئاماژەیان پێکراوە کە بەشێوەیەکی گشتی پێناسەی سەرهەڵدانەوەی دەوڵەتی دڕندەی پێکراوە، لەوانەیە بەپێی ئەو توێژینەوانەی کراون هەموو ئەو خاڵانەی ئاماژەمان پێکرد هەموویان پێکەوە لەیەك دەوڵەت کۆنەبووبنەوە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە کام لەم خاڵانە لە شێوازی حکومڕانی ئێستای عێراق بەدەستی حزبی دەعوا مالیکیەوە بوونی نییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارەیە کە مەترسی رەفتارەکانی ئێستای حکومەتی عێراق نەك هەر لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق، بەڵکو لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی دەردەخات، بەوەی بەدەوامی ئەم هەنگاوانە دەبێتە کارەساتێك بۆ عێراق و بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بۆیە بەتەنیا کاری عێراقیەکان نییە رێگە لەم رەفتارانە بگرن، بەڵکو پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش پشتگیری ئیرادەی خێری ئەو لایەنە عێراقیانە بێت، کە دەستنیشانی گرفتەکەیان کردووە و هەستیان کردووە کە کێشەکە لە شێوازی حکومڕانی و پێشێلکردنی دەستووری عێراقدایە.

## چۆن رێگە لە ئەقڵیەتی دیکتاتۆری دەگیرێت

کێشەی سەرهەڵدانی ئەقڵیەتی دیموکراتی لە قۆناخی بونیادی دیموکراتی کێشەیەکی جیهانیە لە ئەمریکای لاتینەوە بوونی هەیە تادەگاتە فەلەستین و لە سیرالیۆنەوە تا سلۆفاکیا و لە پاکستانەوە تافلیپین بوونی هەیە، هەربۆیە ئەگەر لەبەشێکدا رووبەڕووبوونەوەی ئەقڵیەتی دیکتاتۆری ئەرکی سەرشانی گەلانی ئەو وڵاتە بێت، ئەوا لەبەشێکی دیکەدا دەبێتە بەرپرسیاریەتێکی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی دەوڵەتانی بەخشەر و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان کە یارمەتی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو لە قۆناخی ئینتیقالی دەدەن، بەڵام دیسان بۆ وڵاتێکی وەکو عێراق لەوانەیە جیاوازییەکە هێشتا لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە جیاوازتر بێت، لەبەر ئەوەی هێزە نێودەوڵەتیەکان بە سەرکردایەتی ئەمریکا بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە رژێمی

سەدام حوسێنیان رووخاند بۆ ئەوەی لە عێراقدا دیکتاتۆریەت نەمێنێ و پێناسەی سەرکەوتنی شەڕی عێراقیش لە سیاسەتی ئەمریکادا، بونیادی عێراقێکی دیموکراتی و فیدرالییە، بۆیە ئەگەر عێراق بگەڕێتەوە بۆ تاکحزبی و تاکڕەوی و دیکتاتۆری، ئەوا مانای ئەوەیە ئەمریکا و هاوپەیمانانی چەند قوربانیان داو چەند پارەیان خەرجکرد، هەموویان لە کیسداو تەنیا دیکتاتۆرێکیان بە دیکتاتۆرێکی دیکە گۆڕیوە، لەم حاڵەتەشدا کە هەرێمی کوردستان کە ئێستا کێشەی لەگەڵ بەغدا هەیە و کار گەیشتۆتە ئەوەی مەترسی پێکدادانی سەربازی رووبدات، ئەم هەرێمەش جیا لەوەی بەشێك بووە لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ بونیادی دیموکراتی لەعێراقدا، خۆی بۆتە ئەزموونێکی سەرکەتووی بونیادی دیموکراتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بۆیە ئەگەر پارمەتی ئەم هەرێمە نەدەن، ئەوا تەنیا دەسکەوتێکی دیموکراتی کە

**ئەگەر هێزە خێرخوازەکان و دراوسێکانی عێراق و هێزە نێودەوڵەتییەکان سنوورێکی بەپەلە بۆ ئەم ئەقڵییەتە دیکتاتۆریەتە دانەنێن، ئەوا رەفتارەکانی سەرۆك وەزیران جارێکی دیکە عێراق دەخاتەوە بەردەم ئەگەرە خراپەکان**

ئەمریکا بیەوێت شانازی پێوە بکات لەسەر ئاستی گشتی ئەمریکا و لەسەر ئاستی نێودەولەتی، ئەوا شکستێکی گەورەتری رووبەڕوو دەبێتەوە، لەمەش گرنگتر لەبەر ئەوەی داواکارییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ راستکردنەوەی شێوازی حکومڕانی و پابەندبوونە بەدەستووری عێراقەوە، ئەوا ئەگەر ئەمریکا و هێزە نێودەوڵەتیەکان پشتگیری ئەم ئاراستەیە نەکەن، ئەوا مانای ئەوەیە ئەوان خۆیان زەمینە خۆش دەکەن بۆ ئەوەی پیرۆزبایی لە دیکتاتۆرێکی دیکە بکەن، بۆ رێگرتن لەو ئاراستە خراپەی ئێستا حکومەتی عێراق خستویەتە گەڕ، ئەم راپۆرتە بە پشت بەستن بە توێژینەوە سیاسییەکان، ئاماژە بەم خاڵانە دەکات:

١- عێراقیەکان چاوەڕێی ئەوەبوون دوای زیاتر لە ٨٠ ساڵی زستانی سیاسیی دیکتاتۆریەت، بە سەرکەوتنی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق بەهاری ئازادی دەست پێبکات، بەڵام هەژموون و باڵادەستی حزبێکی سیاسی وەك حزبی دەعوا، ئاراستەی ئەم بەهارەی پەکخست و پرۆسەی دیموکراتی سڕکرد.

٢- لە ئاکامی بێدەنگبوونی ئەمریکا و هاوپەیمانان لەسەر پێشێلکردنی بنەما ستاندەرەکانی دیموکراتی و پابەندنەبوون بەدەستوورەوە، رەوتی ئاراستەی حکومڕانی لە عێراقدا لە دیموکراتیەوە گۆڕدرا بۆ مەزهەبگەرایی و شەڕی نێوان شیعەو سوننە و ئێستا بۆ هەڕەشەکردن لە هەرێمی کوردستان.

٣- بۆ ئەوەی ئەم ئاراستەیە لە خاڵێکدا رابوەستێت، پێویستە نفوزی ئەمریکا لەعێراق بەپشتگیری هاوپەیمانان بکرێتە پاڵپشتیەك بۆ دووبارە زیندووکردنەوەی پرۆسەی سیاسی لەعێر اق و ملکەچکردنی سەرۆك وەزیران بۆ حکومڕانی لەسەر بنەمای شەراکەتی نیشتمانی لە چوارچێوەی حکومەتی شەراکەتی نیشتمانیدا.

٤- پێویستە گوشار بخرێتە سەر حکومەتی عێراق کە بودجەی عێراق بۆ خزمەتگوزاری هاوولاتیانی عێراق سەرف بکرێت، هەروەها پێویستە راپۆرتی شەفافیەتی نێودەولەتی کە عێراقی بە سێیەمین وڵاتی گەندەڵ پێناسەکردووە و بەغدای بە سێیەمین پایتەختی پیس لە عێراق هەژمارکردووە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت و بوار نەدرێت ئەمانە بەسەر حکومەتی عێراقدا تێپەڕێت.

٥- پێویستە ئەمریکا بە تایبەتی و دەوڵەتانی بەخشەر کە بۆ بونیادنانەوەی عێراق هاوکاری عێراق دەکەن، پارمەتی و هاریکارییەکانیان مەرجدار بکەن، هەتا حکومەتی ئێستای عێراق بەم ئاراستەیە هەنگاو هەڵبگریت ئەو پارمەتیانە رابگیرێت.

٦- بۆ گوشار خستنە سەر حکومەتی عێراق دەبێت ئەندامیەتی عێراق لە کۆمەڵێك رێکخراوی نێودەوڵەتی هەڵبواسرێت، تەنانەت پێویستە کۆمکاری عەرەبی ئەندامیەتی حکومەتی عێراق هەڵبواسێت، لەبەر ئەوەی رەفتارەکانی ئێستای مالیکی بە هەڵگیرسانی شەڕی مەزهەبی دژی سوننە و شەڕی کورد و عەرەب لەعێراقدا، بنەماکانی کۆمکاری عەرەبی پێشێلدەکات،

**نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەڵوێستی ئاشتیخوازانەی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەرێگەی دیالۆگ ئاگادارە. لەهەمانکاتدا ئاگاشی لە رەفتاری ئیستفزازیانە و هەڵکشانە سەربازییەکانی سوپاکەی مالیکی هەیە**

هەروەها پێویستە رێکخراوی دەوڵەتانی ئیسلامیش هەمان هەڵوێستیان هەبێت، لەبەر ئەوەی رەفتارەکانی مالیکی فیتنەیە و دەوڵەتانی ئیسلامیش نابێت لەبەردەم فیتنە بێدەنگ بن.

٧- بۆ ئەوەی هیچ پێکدادانێك لەنێوان هێزی پێشمەرگە و سوپاکەی مالیکی روونەدات، باشترە پەلە بکرێت هێزی هاوپەیمانان یان هێزی ئاشتی پارێزی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان بکەوێتە نێوانیانەوە، ئێستا لەسەر ئاستی سیاسی و دیپلۆماتی هەست بە هەنگاوێکی گرنگی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرێت و نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەڵوێستی ئاشتیخوازانەی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەرێگەی دیالۆگ ئاگادارە، لەهەمانکاتدا ئاگاشی لە رەفتاری ئیستفزازیانە و هەڵکشانە سەربازییەکانی سوپاکەی مالیکی هەیە، بۆیە ئەگەی نەتەوە یەکگرتووەکان هەنگاوی دیکە هەڵنەگرێت و هەوڵنەدات هێز بنێرێت، لەوانەیە بارودۆخەکە لەکۆنترۆڵ دەرچێت.

٨- دەکرێت نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکاو هاوپەیمانان پشتگیری لە دەسەڵاتی سەرۆك کۆماربکەن، لەکاتێکدا مالیکی نەیتە ژێر بار، ئەوا دەبێت سەرۆك کۆمار بریار بدات بۆ ئەوەی هەڵبژاردنێکی پێشوەختە بکرێتەوە. ناکرێت لە وڵاتێکدا دەستوورێك هەبێت کە پەسەندکراوی خەڵك بێت و بەڵام حکومەت کارەکانی نادەستووری بێت و دەستوور پێشێلبکات و چاوپۆشی لێ بکرێت، بۆیە زۆر گرنگە هاوپەیمانان و ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان جەخت لەسەر پابەندبوون بەدەستوور بکەن و ئەوەی پێوەی پابەند نەبوو، شەرعیەتی یاسایی لێ بسەنرێتەوە.

**بەشارە دۆمانی بۆ گوڵان:**

# لە هەموو وڵاتانی تازە پێگەیشتووی قۆناخی ڕاگواستندا سەرهەڵدانی ئەقڵیەتی تۆتالیتاری مەترسیەکی گەورەیە



**پرۆفیسۆر بەشارە دۆمانی ئوستادی مێژوو و دیراساتی عەرەبییە لە زانکۆی بیرکلی و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر مێژووی گرووپە کۆمەڵایەتیەکان و کاریگەری ئەو گرووپانە لەسەر ڕەوتی حکومڕانی لە کۆمەڵگە، بۆ قسەکردن لەسەر کاریگەری ڕژێمە تۆتالیتارەکان لەسەر ژیانی کۆمەڵگە، پرۆفیسۆر دۆمانی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**

((سەرهەڵدانی ئەقڵیەتی تۆتالیتاری و خۆسەپێن ترسێکە بناغەی هەیە، لەبەر ئەوەی نموونەگەلێکی زۆر هەن کە لە قۆناغی ڕاگواستن بەرەو دیموکراسیدا —کۆمەڵگەکە- دووچاری تەنگژە هاتووە، بەڵام پێموانیە دیکتاتۆریەت ئایدۆلۆژیا بێت، بەڵکو سیستمی حکومڕانیە کە ئایدۆلۆژیای جیاواز بەکار دەهێنێت بۆ پاساوهێناوەوە بۆ خۆی. هەربۆیە ئەو هێزانەی لە پرۆسە سیاسییەکە بەشدارن ئەوە دیاری دەکەن وڵاتەکە دیموکراسی بێت یان نا، تەنیا پارتە سیاسییەکان نین، بەڵکو ئەو هێزانەی ئەو پارتە و گۆڕانکاری سیاسیی ئەهێننەئاراوە بواری پێداون، کەواتە ئەگەر شۆڕشێکی جەماوەری سەربکێشێت بۆ هەڵبژاردن و هەڵبژاردنیش ببێتەهۆی ئەوەی پارتێکی سیاسی بێتە سەر دەسەڵات کە دیموکراسی نەبێت، ئەوا بوارێکی کەمی مانۆڕکردنی دەبێت، لەبەر ئەوەی دەزانێت لەڕێی شۆڕشەوە هاتۆتەسەر دەسەڵات و ئەگەر دیموکراتی نەبێت، ئەوا ڕەنگە ڕووبەڕووی شۆڕشێکی دیکە ببێتەوە. بە واتایەکی دیکە سنووردارە بەو چوارچێوەیەی لە بنەڕەتدا بواری پێدا بگاتە دەسەڵات. لەبەر ئەوە گۆڕانکاری تەنیا بە ئاڵوگۆڕی سیاسی ڕوونادات، بەڵکو پێویستی بە ئاڵوگۆڕی ئابووری و کۆمەڵایەتیش هەیە، واتە ئەگەر پارتێکی سیاسی دەسەڵاتی گرتەدەست و نەیتوانی داخوازیە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی خەڵك بهێنێتەدی، ئەوا ڕەنگە دەسەڵات لە دەست بدات و دابینکردنی خواستە ئابوورە وکۆمەڵایەتیەکانیش بە مانای ئەوە دێت کە سیاسەتێك بگرێتەبەر کە لە بەرژەوەندی خەڵکدا بێت، ئەمە پێمان دەڵێت دیموکراسی تەنیا ئەنجامدانی هەڵبژاردن نییە، واتە یەك پرۆسەی هەڵبژاردن بکرێت و یەك جاریش دەنگ بدرێت، بەڵکو پێویستی بە سەروەری یاسا و بە بەشداری کردن لە پرۆسەی بڕیاردانی سیاسی هەیە، ئەویش بە شێوازی لە خوارەوە بۆ سەرەوە......هەروەها پەیوەندی بەوەوە هەیە خەڵك ڕۆڵیان هەبێت لە داڕشتنی ئایندەی خۆیاندا. چەندین ڕێگا هەیە بۆ بەدەستهێنانی ئەم فۆرمەی دیموکراسی، واتە تەنیا ئەوە نییە لە کاتی دیاری کراودا هەڵبژاردن بکرێت و لە نێوان هەڵبژاردنەکاندا هیچ جووڵە و چالاکیەك نەبێت، کەواتە بەرپرسیارێتی بەشێکە لە کەلتوری دیموکراسی، پێموایە چەندین لایەنی مێژوو و کەلتور و کۆمەڵگە هەن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوە دەردەخەن کە چەندین فۆرمی بەرپرسیارێتی هەن و لەم ڕووەشەوە ئەزموونێکی زۆریان هەیە، ئیتر ئەوە لە ناو خێزاندا بێت یان گوندا، یان لە ئاستەکانی دیکەدا، کە پێویستە ئێمە پشت بە کەلتوری خۆمان ببەستین بۆ دۆزینەوەی چارەسەر.

**دیڤید واڵەندەر بۆ گوڵان:**

# کاتێک پرۆسەی دیموکراتی

**پرۆفیسۆر دیڤید واڵەندەر ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی ڤێرجینیایە و تایبەتمەندە لەکاروباری حکومەت و حکومڕانی و بونیادی دەوڵەت و پەرەپێدان، بۆ قسەکردن لەسەر ئەو ئاستەنگانەی ئەقڵیەتی دیکتاتۆری لە پرۆسەی دیموکراتی قۆناخی ڕاگواستنی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو دروستی دەکات، لە خاوتنێکی تایبەتدا بۆ گوڵان، پرۆفیسۆر واڵەندەر بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:**

((پێش هەموو شت لە هەموو وڵاتە تازە گەشەکردوەکاندا ئەوە شتێکی باو بووە کە قۆناغی ڕاگواستن بەرەو دیموکراسی بوونی هەبوویێت و دیموکراسیش شکست بهێنێت و دووبارە وڵاتەکە بەرەو دیکتاتۆریەت بگەڕێتەوە، کەواتە ئەمە شتێکی تایبەت نییە بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. خاڵی دووەم ئەوەیە کە چەند هۆکارێك هەن بۆ شکستی دیموکراسی لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا

**ئەلیکسندەر کیترۆف بۆ گوڵان:**


# لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو

**پرۆفیسۆر ئەلیکسندەر کیترۆف ئوستادی مێژووە لە زانکۆی هاڤرفۆرد و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر مێژووی هاوچەرخ بە تایبەتی مێژووی سیاسی ئەوروپا، سەبارەت بە شکستهێنانی پرۆسەی دیموکراتی بەهۆی ئەقڵیەتی تۆتالیتاری و خۆسەپاندنەوە، پرسیارمان لە پرۆفیسۆر کیترۆف کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە:**

((بواری شارەزایی من ئەوروپایە و من ئاشنام بە ئەزموونی یۆنان و ئیسپانیا لە ساڵانی حەفتاکاندا، کە دوای قۆناغی ڕاگواستن گروپێك لە سەربازان هەوڵی گەڕاندنەوەی دیکتاتۆریەتیاندا و ویستیان میلی کاتژمێر بۆ دواوە بگەڕێننەوە. لە ئیسپانیا بەوە چارەسەرکرا کە سەربازەکان کرانە بەشێك لە قۆناغی ڕاگواستن-ئەگەرچی ئەمە لە ڕووی کردارییەوە زەحمەتترە-. کەواتە هەمیشە مەترسی گەڕانەوەی دیکتاتۆریەت هەیە و کەسانێك هەن هەوڵدەدەن میلی کاتژمێر بۆ دواوە بگەڕێننەوە. هەروەها گەیشتنی حزبی نادیموکراتی بەدەسەڵات ئەمەش مەترسیەکی ئاشکرایە، لەبەر ئەوەی بۆی هەیە ئەو جۆرە پارتانە سیستمی

# شکست بێنێت ئەوا ئەگەری گەڕانەوەی دیکتاتۆریەت حەتمیە

و بۆ گەڕانەوەی دیکتاتۆریەت، هۆکارێکیان ئەوەیە کە ڕژێمە دیموکراتیەکە نەتوانێت هەندێ لە کێشە قووڵەکانی کۆمەڵگە چارەسەر بکات، ئیتر کێشەی کەلتوری بن یان ئابووری، بە چەشنێك خەڵکی باوەڕیان لا دروست دەبێت کە ئەم رژێمە ناتوانێت کێشەکان چارەسەر بکات و بیر لە بەدیلی دیکە دەکەنەوە، کەواتە ئەگەر ناکۆکی قووڵ هەبوو لە کۆمەڵگەدا و لە چوارچێوەیەکی دیموکراتیدا چارەسەرنەکرا، ئەوا شتێکی نائاسایی نییە کە دووبارە دیکتاتۆریەت




بگەڕێتەوە، هۆکاری سێیەم ئەوەیە کە کاتێك ئەو سەرکردانەی بە شێوەیەکی دیموکراتی هەڵبژێردراون نائومێد و نائارام دەبن لە هێنانەدی ئەو گۆڕانکاریانە ویستویانە، دەست دەکەن بە هەڵتەکاندنی دیموکراسی لە ناوەوە، واتە ڕەنگە سەرکردەیەك هەڵبژێردرێت، بەڵام زیاتر و زیاتر بەرەو دیکتاتۆریەت بچێت. لەبەر ئەوە کاتێك دەسەڵات دەگرنەدەست بە شێوەیەك کار دەکەن کە دیموکراسی لاواز دەبێت، یان لە ئاستێکی بەرزی گەندەڵیەوە تێوەدەگلێن، واتە ئەو کەسانە بایەخ بە چاکەی گشتی نادەن، بەڵکو گرنگی بەدەوڵەمەندکردنی خۆیان و هاوڕێ و خزمی خۆیان دەدەن، واتە ئەگەرچی ئایدۆلۆژیایەکی دیکتاتۆریان نییە، بەڵام بە شێوەیەکی وا ڕەفتار دەکەن کە ئەگەری دیکتاتۆریەت زیاتر دەکەن.. ئێمە ئەتوانین دیکتاتۆرێك بێنینە بەرچاوی خۆمان کە بە ڕاستی پشتیوانی لە گرووپێکی دیاریکراو دەکات و بە ڕاستی خوازیاری گرووپێکی دیکەی کۆمەڵگە نییە، یاخود سیاسییەك کە هەوڵدەدات سەرنجی کۆمەڵگە بۆلای گرووپێك ڕابکێشێت و سەرقاڵیان بکات بۆ ئەوەی بیر لە بەرەنگاربوونەوەی دیکتاتۆریەت نەکەنەوە، لە هەردوو حاڵەتەکەدا ڕێگری لێکردنیان کارێکی زۆر قورسە. واتە ستراتیجیەتێکی کارا لە ئارادا نابێت، ئەگەر یاری بە هەست و سۆزی خەڵك بکرێت و پێیان بووترێت کە لەلایەن گرووپەکانی دیکەوە هێرش دەکرێتەسەرتان، ئەو کاتە مەیلی پشتیوانیکردن لە دیکتاتۆریەت دروست دەبێت، بەلای کەمەوە لە مەودای کورتدا. ئێوە پرسیاری چارەسەر لە من دەکەن، بەڵام ئەگەر سیاسیەکی گەندەڵ کۆنترۆڵی سەروەت و سامانێکی زۆری کردبێت و کۆنترۆڵی دەزگای هەواڵگری کردبێت و خەڵکی سەرقاڵ بکات بە تەرکیزکردن لەسەر گرووپەکانی دیکەوە-ئیتر گروپی ئایینی بن یان نەتەوەیەکی جیاواز-ئەوا ئەمە دۆخێکی زۆر دژوارە و وەڵامێکی ئاسان نییە بۆ ئەمە.

# لە یۆنان و ئیسپانیا هەوڵی گەڕانەوەی دیکتاتۆریەت درا بەڵام سەرنەکەوتن

هەڵبژاردن بەکار بهێنن بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستمە دیموکراتیەکە، واتە ئەوەی بواری پێدان بگەنەدەسەڵات. کەواتە لێرەدا کێشەیەك هەیە، ئەگەر ئەتەوێت سیستمێکی دیموکراسیت هەبێت، ئەوا دەبێت ڕێگا بە پارتە سیاسییەکان بدەیت ململانێ بکەن، کە ڕەنگە هەندێ لە پارتەکان لە بنەڕەتدا دژ بە دیموکراسی بن. پێموایە دەبێت ئەو پارتانە ناچار بکرێن ڕێککەوتن بکەن و بەڵێن بدەن و پابەندبن بە پاراستنی پرۆسە دیموکراتیەکەوە، نەك بگەڕێنەوە بۆ سیستمێکی دیکتاتۆری، ئەگەر دەیانەوێت بەشداری لەو پرۆسەیەدا بکەن، ئەمە پێوەرێکی گەورەیە و بە پێچەوانەوە من نازانم چۆن ئەتوانن لە هەڵبژاردنە دیموکراتیەکەدا ململانێ دەکەن.. لە هەموو وڵاتە فرەئیتنیەکان ڕووبەڕووی ئاستەنگەلێکی زیاتر دەبنەوە لە پرۆسەی ڕاگواستندا بەرەو دیموکراسی، لەبەر ئەوەی توندوتیژی ئیتنی، یان هێرشکردنەسەر گرووپێکی ئیتنی دیاریکراو یان کەمینەیەك، یاخود بەکارهێنانی گرووپێکی ئیتنی بۆ سەپاندنی ڕژێمێکی دیموکراتی- ڕەنگە مەبەستی دیکتاتۆری بێت- مەترسیەکە هەمیشە لە ئارادایە.

ئێمە لێرەدا باسی بواری سێیەم دەکەین، کە بریتییە لە ڕێزگرتن لە مافی گرووپە ئیتنیەکان و کەمینەکان. من لە ئەمریکا دەژیم و مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە لەم ڕووەوە، کە هەموو گرووپە ئیتنیە جیاوازەکان هاتن بۆ ئەم وڵاتە، لەبەر ئەوە ئاسان بوو کۆمەڵگەیەکی فرەئیتنی و دیموکراتی دروست بکەن. بەڵام ئەگەر کۆمەڵگەیەك بیەوێت بەرەو دیموکراسی هەنگاو بنێت و چارەسەری کێشەی مافی گرووپە ئیتنیەکان و کەمینەکان بکات لە هەمان کاتدا، ئەوا ڕووبەڕووی کێشەی زیاتر دەبێتەوە. لێرەدا من دەڵێم دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هۆشیار بێت بەم کێشەیە و بە شێوازی جیا هەوڵی پاراستنی مافی گرووپە ئیتنیەکان و کەمینەکان بدات و ڕێگا لە ئیستیغلالکردن و بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی بگرێت لەلایەن گرووپێکی دیکتاتۆری دیاریکراوەوە کە ناسنامەی ئیتنی بۆ مەرامەکانی خۆی بەکاردەهێنێت، من پێموایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەتوانێت وڵاتێك قایل بکات و هێزەکان ناچار بکات بۆ ئەوەی لە



سەدەی بیست و یەکدا کە مافە دیموکراتی و مافە ئیتنیەکانە بپارێزێت. بەڵام توخمێکی گرنگی دیکە لەم شەڕەدا بوونی سیستمێکی قەزائیە کە سەربەخۆ بێت و دادپەروەری بهێننەدی دیی لە دادگاکاندا بۆ دەستنیشانکردن و سزادانی گەندەڵکاران، کەواتە ئەمە پێویستیان بە پرۆسەی سیاسی هەیە و لە هەمان کاتدا پێویستیان بە دەسەڵاتێکی قەزائی و بە دادوەرەکان هەیە بۆ ئەوەی سەروەری یاسا بچەسپێنن، سەروەری یاسا توخمێکی گرنگە کە لە غیابیدا سیستمە دیموکراتیەکە دووچاری چەندین کێشە دەبێتەوە.

# دوایین رووبەڕووبوونەوەی بەغدا لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا

**کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان کێشەیەکە چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی زەحمەتترە. مالیکی و پشتیوانەکانی بەو شێوەیە لە هەڵوێستی هەولێر بەرامبەر کەرکوك و پرسی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی دیکە دەڕوانن، کە ئەمە هەوڵێکی پەردەپۆشکراوە- ئەگەرچی پەردەیەکی تەنکیشە- بۆ بەهێزکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان و ڕێگەخۆشکردن بۆ کوردستانێکی پەلهاویشتوی سەربەخۆ، کە سەرچاوەگەلێکی دارایی زۆر و زەوەندی لەبەردەستدایە.**

پرۆفیسۆر تید گەلن کارپێنتەر*
تایبەت بۆ گولانی نووسیوە



لەم چەند هەفتەیەی دواییدا گرژییەکان هەڵکشان و داکشانیان بەخۆوەبینی لە نێوان حکومەتی مەرکەزی عیراق لە بەغدا و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، تا ڕاددەیەك ئەمە شتێکی نوێ نییە. چونکە چەند ساڵێکە گرفتەکان رووەو و ئاڵۆز بوونی زیاتر دەچن، ناکۆکییەکانی پەیوەست بە داهاتی نەوت و سنووری دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجامدانی گرێبەستگەلێکی ئابووری لەگەڵ کۆمپانیا دەرەکییەکان سەری کێشا بۆ پێکدادانی سیاسی یەك لە دوای یەك لە نێوان دەسەڵاتی هەرێم و حکومەتەکەی سەرۆك وەزیران نوری مالیکی بە هەمان شێوە، کێشە و ناکۆکییەکانی پەیوەست بە خاك بە تایبەتی چارەنووسی شاری کەرکوك، بووە هۆی ئەوەی هەردوولا بە توڕەییەوە یەکدی تاوانبار بکەن. سەرکردەکانی کورد بە شێوەیەکی تایبەت بێزار و نارەحەتن لەهەمبەر هەڵوێستی بەغدا کە بەردەوام ئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی کەرکوك دوا دەخات.

بەڵام لە پاییزی ئەمساڵدا گرژییەکان لە حاڵەتی خراپبوونەوە بەرەو خاڵی بارگرژیی زیاتر پەرەیان سەند. دروستکردنی فەرماندەیەکی نوێی سەربازی لە باکوور لە مانگی ئەیلولدا کە چەند ناوچەیەکی کێشەلەسەری گرتەوە بووە هۆی تووڕەکردنی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان. دوایین هەنگاوی بەغدا هەڵگری هەموو نیشانەکانی هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵاتە، کوردەکانیش ئەم فەرماندە سەربازییە نوێیە وەك هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ دەبینین لەسەر ئەو خۆبەڕێوەبردنەی کە بە زەحمەتییەکی زۆر بەدەستیانهێناوە. ئەوان بە گومانێکی

**بەرپرسانی ئەمەریکا نائومێدانە دەیانەوێت عیراق بە یەکگرتویی بمێنێتەوە، هەوڵی بە پەلە و ئاستی بەرزی جەنەراڵێکی ئەمەریکی بۆ میانگیریکردن دووپات لە ئەولەویاتەکانی واشنتۆن و لە ئاستی نیگەرانییەکانی ئیدارەی ئۆباما دەکاتەوە**

ئاشکراوە لە پاساوی ڕەسمی حکومەتەکەی مالیکی- کە بانگەشەی ئەوە دەکات دۆخی ئەمنی لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان خراپ بووە و بۆی هەیە ئەو ناوچانە ببنە مۆڵگەی تیرۆرستان- دەڕوانن.

لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی یەکەمدا کێشەکان پتر هەڵکشان کاتێك چەند دەستڕێژێك لە نێوان سەربازەکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی مەرکەزی ڕوویدا. دواتر هەولێر چەند یەکەیەکی هێزە ئەمنیەکانی هەرێمی کوردستانی-واتە پێشمەرگەی- ڕەوانەکرد بۆ پاڵپشتیکردنی ئەو یەکانەی لەو ناوچانەدا بوون و فەرماندەکانیان هۆشداریاندا کە ئەوان لەوپەڕی ئامادەباشیدان بۆ بەرگری کردن لە هەرێمی کوردستان دژی هەر هێرشێکی هێزە سەربازییەکانی بەغداوە.

وا دەرکەوت ئەو گفتوگۆیانەی لە کۆتایی تشرینی یەکەمدا بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە ئەنجامدران نزیکبن لە گەیشتن بە ڕێککەوتنێك، بەڵام ئەو گفتوگۆیانەی، لەلایەن جەنەراڵێکی ئەمەریکییەوە لە سەرەتای تشرینی دووەمدا نێوانگیری بۆکرابوو، هەرەسیان هێنا. مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مالیکی بە هەڵگەڕانەوە وپاشگەزبوونەوە لە بەڵێنەکانی پێشووی تاوانبار کرد. هەروەها پشتیوانیی لە بەڵێنی فەرماندەکانی کرد بۆ بەرهەڵستیکردنی «عەسکەرتاریەتی» بەغدا، ئەویش بە گرتنەبەری هەر شێوازێك کە پێویست بکات.

تەنانەت ئەگەر ئەم قەیرانەش سەرنەکێشێت بۆ ناکۆکییەکی چەکداری سەرتاسەری، ئەوا ڕووداوەکەی ئەم دواییە ئاماژەی خێر نییە بۆ یەکێتیی دەوڵەتی عیراق لە مەودایەکی دووردا. ناکۆکییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر ناکۆکیگەلێکی زۆر و توندن. ئەگەرچی ڕەنگە ڕێککەوتنێك لەسەر بنەمای سازشکردن بێتەدی و بەردەوام بێت لەبارەی پرسی داهاتەوە، ئەگەرچی دڵنیابوون لەمە کارێکی زەحمەتە. لە ڕوانگەی بەغداوە کۆنترۆڵکردنی بڕێکی گەورەی داهات لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە بە شێوەیەکی حەتمی دەبێتەهۆی بەهێزبوونی خەونی دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی. لە ڕوانگەی هەرێمی کوردستانەوە کۆنترۆڵکردنی ئەو پارانە لە لایەن بەغداوە بە مانای ئەوەیە کە خۆبەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە ژێر ڕەحمەتی دەسەڵاتدارانی عیراقەوە. لەبەرچاوگرتنی خراپەکارییەکانی بەغدا لە دژی کوردەکان لە ماوەی چەند دەیەیەکدا، بە تایبەتی لە سایەی حکومڕانی بەغدا، ئەوا تەنیا ئەو سەرکردەیەی کورد کە زۆرترین متمانەی بە خۆی هەیە ئامادەیە ئەم سەرکێشییە بکات.

کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان کێشەیەکە چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی زەحمەتترە. مالیکی و پشتیوانەکانی بەو شێوەیە لە هەڵوێستی هەولێر بەرامبەر کەرکوك و پرسی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی دیکە دەڕوانن، کە ئەمە هەوڵێکی پەردەپۆشکراوە-ئەگەرچی پەردەیەکی تەنکیشە- بۆ بەهێزکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان و ڕێگەخۆشکردن بۆ کوردستانێکی پەلهاویشتوی سەربەخۆ، کە سەرچاوەگەلێکی دارایی زۆر و زەوەندی لەبەردەستدایە. بارزانی و هاوپەیمانەکانی بەو شێوەیە لە چارەسەری پرسی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان دەڕوانن کە ئەمە تەنها ڕاستکردنەوەی هەقیقەتەکانە لەسەر ئەرزی واقیع- و ئەم ناوچانەش بە حەق ناوچەگەلێکی کوردین و لە سەردەمی سەددام حوسێندا لەلایەن دەسەڵاتی عەرەبەوە زەوتکراون. وێناکردنی گەیشتن بە سازشێك کە بەلای هەردوولاوە قبوڵ بکرێت لە مەودای دووردا، کارێکی لە ڕاددەبەدەر قورسە. ئەو هەڵکشانەی ئێستا لە ئارادایە تەنها هۆشدارییەکە لەبارەی ئاستی ئەو دابەشبوونی ئیتنیە قووڵەی لە عیراقدا هەیە. بەرپرسانی ئەمەریکا نائومێدانە دەیانەوێت عیراق بە یەکگرتویی بمێنێتەوە، هەوڵی بە پەلە و ئاستی بەرزی جەنەراڵێکی ئەمەریکی بۆ میانگیریکردن دووپات لە ئەولەویاتەکانی واشنتۆن و لە ئاستی نیگەرانییەکانی ئیدارەی ئۆباما دەکاتەوە. بەرلەبەرچاوگرتنی بەرزبوونەوەی ئاستی گرژییەکان و زیادبوونی ئەگەری لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەی عیراق، ئەوا پێویستە ئەم ئیدارەیە پلانی «ب» هەبێت و زۆر بە زوویش ئەم پلانە دابنێت.

***توێژەری باڵایە لە ئەنستیوتی کاتۆ لە واشنتۆن دی.سی، نووسەری هەشت کتێبە لەبارەی کاروبارە نێودەوڵەتیەکانەوە و ئەندامی بۆردی گۆڤاری وەرزی مێدێرترینیانە.**

**لە پاییزی ئەمساڵدا گرژییەکان لە حاڵەتی خراپبوونەوە بەرەو خاڵی بارگرژیی زیاتر پەرەیان سەند. دروستکردنی فەرماندەیەکی نوێی سەربازی لە باکوور لە مانگی ئەیلولدا کە چەند ناوچەیەکی کێشەلەسەری گرتەوە بووەهۆی تووڕەکردنی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان**

**لە ڕوانگەی بەغداوە کۆنترۆڵکردنی بڕێکی گەورەی داهات لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە بە شێوەیەکی حەتمی دەبێتەهۆی بەهێزبوونی خەونی دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی**

**وێناکردنی گەیشتن بە سازشێک کە بەلای هەردوولاوە قبوڵ بکرێت لە مەودای دووردا کارێکی لە ڕاددەبەدەر قورسە. ئەو هەڵکشانەی ئێستا لە ئارادایە تەنها هۆشدارییەکە لەبارەی ئاستی ئەو دابەشبوونی ئیتنیە قووڵەی لە عیراقدا هەیە**


الله أكبر

# مالیکی مل بۆ ئاشتی نەدات
# شەرعیەتی یاسایی لەدەست دەدات



پەنابردن بۆ هێزی سەربازی و لەشکرکێشی بۆسەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە ئەو هێزە خۆی بەشدار و قوربانیدەر بووە بۆ پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و هەر ئەو هێزەش بناخەی بونیادنانەوەی سوپای عێراق بووە، دیمەنێکی نەخوازراوی ئەوتۆی دروستکردووە کە چاودێری بارودۆخەکە سەری سوڕدەمێنی و ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە ئایا نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق تاچەند دەتوانێ بەو شێوازە رەفتار بکات و تاچەند دەتوانێت مەرامەکانی بەدی بهێنێت؟ لەمەش گرنگتر ئەوەیە ئایا لیستی هاوپەیمانی نیشتمانی شیعە تاکەی پشتگیری لەم هەڵوێستە نادیموکراتیانەی مالیکی دەکات و کەی هۆشداری دەداتێ کە بێتەوە سەر رێگەی راست و بەزمانی دیالۆگ و چارەسەری ئاشتیانە لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا کێشەکان چارەسەر بکات؟ یان پرسیاری دیکە ئەوەیە ئایا مالیکی بەنیازە بەم مانۆڕکردنە بێ مانایانەی یەکڕیزی گەلی کوردستان پەرت بکات و درز و کەلێن بخاتە نێو یەکڕیزی و گوتاری سیاسی گەلی کوردستانەوە؟ هەروەك چۆن پێشتر لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی گەلانی عێراق بۆی چۆتە سەر، ئەمانە کۆمەڵێك پرسیارن چاودێری بارودۆخەکە بەخێرایی بە بەرچاوی دەکەون و لەهەمانکاتدا هەڵوەستەیان لەسەر دەکات و رۆ دەچێت بەناو رووداوەکاندا، ئەوە بە بیریدا دێت ئایا کاتێك نوری مالیکی پشت لەپرۆسەی دیموکراتی دەکات، بەنیازە بە تاکڕەوی دیکتاتۆری بۆی بچێتەسەر؟ بەڕێز عارف تەیفور جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای عێراق و هەڵوێستەکانی سەرۆك وەزیران لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە تیشکی خستە سەر بارودۆخەکە و وتی: ((بارودۆخی ئێستای عێراق بەدۆخێکی زۆر ئاڵۆزو دژوار تێپەڕ دەبێت و مالیکیش هەر بەردەوام و سوورە لەسەر ئەو بڕیارە تاکڕەوانەی خۆی کە دژی هەرێمی کوردستان ناوێتی، تەنانەت هەموو مەرام و ئاراستەکەی بەوشێوەیە دەڕوات کە حوکمڕانی عێراق بەرەو تاکڕەویی ببات، بەڵام دەرئەنجامەکەی وایلێهاتووە دەسەڵاتەکەی بەتەواوەتی گۆشەگیر بووە و زۆربەی لایەنە سیاسییەکان و کەسایەتییەکان لێی دوورکەوتوونەتەوە، هەربۆیە دەبینین مالیکی تووشی هەڵچوونێك بووە بەرادەیەك بارودۆخەکە بەرەو باشی ناچێت. ئێستا بە بۆچوونی من مالیکی گەمە بەچارەنووسی سیاسی خۆیەوە دەکات و لەدەرئەنجامی ئەو بەڵێن و بڕیارانەی کە پێشتر داویەتی بەلایەنە سیاسییەکان داهاتوویەکی زۆر تاریك چاوەڕوانی دەکات کە دەبوو پابەندی ببوایە و جێبەجێی بکردنایە نەك پشتگوێخستن و پاشگەزبوونەوە بەبەڵێنەکانی، تاکڕەویی مالیکی لەحوکمڕانی عێراقدا زیاتر وایلێدەکات گۆشەگیر بێت و زیانی گەورە دەکات و قازانج ناکات، هەربۆیە مالیکی چارەنووسێکی سیاسی زۆر خراپ چاوەڕوانی دەکات.))

بەڕێز عارف تەیفور کە خۆی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراقە، بەڵام هەستدەکرێت وێڕای ئەوەی سەرۆکی پەرلەمان لە هەوڵێکدایە بۆ ئەوەی میانگیری لەنێوان بەغدا و هەولێر بکات، بەڵام پەرلەمان وەك دامەزراوەیەکی

شەرعی یاسادانان رۆڵێکی ئەوتۆی نییە. سەبارەت بە رۆڵی پەرلەمان لەم کێشەیەدا جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بە گوڵانی راگەیاند: (من وای نابینم پەرلەمانی عێراق بەرامبەر بەو دۆخە ناهەموار و ئاڵۆزییەی کە دەرئەنجامی تاکڕەویی لەحوکمی مالیکی کەوتۆتەوە دەستەوەستان راوەستابێت، ئەوەتا سەرۆکی پەرلەمان هەوڵی دانوستاندن دەدات لەنێوان حکومەتی عێراق و کوردستاندا، بەڵام کێشەی گەورەی چارەسەرنەبوونی بارودۆخەکەو ئاڵۆزبوونی لەوەدایە مالیکی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بەڵێنەکان دەدات و جێبەجێی ناکات، ئەوەتا رۆڵێك بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە بگێڕێت و لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانیشەوە بە ئیجابی وەڵامدراوەتەوە و ئامادەباشی پیشاندراوە بۆ ئەوەی بەشێوەی دیالۆگ و ئاشتیانە کێشەکان چارەسەر بکرێت، سەبارەت بە هەوڵەکانی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش عارف تەیفور لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی: (خاڵی گرنگ و سەرەکی لە هاتنی بەڕێز بان کی مۆن ئەمینداری گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەغداو دانیشتنی لەگەڵ نوری مالیکی بۆ ئەوە بوو چارەسەری ناکۆکییەکانی نێوان مالیکی و هەرێمی و رێکەوتنێکی جێبەجێ نەکردووە و لەهەر هەمووی پاشگەزبۆتەوە)).

### تاکڕەوی خەریکە مالیکی بەتەنیا دەهێڵێتەوە

بەردەوامی رەفتاری تاکڕەوی و گوێ نەگرتن لە لۆژیکی ئاقڵانە بۆ چارەسەری کێشەکان، بۆتە هۆکاری ئەوەی بێجگە لەکورد لایەنەکانی دیکە و دامەزراوە شەرعیەکانی وڵات هەڵوێست وەربگرن، لەوانە چەندین لایەنی ناو هاوپەیمانی نیشتمانی چارەسەری سەربازی و لەشکرکێشی مالیکیان بۆ چارەسەری کێشەکان لەگەڵ هەرێم رەتکردۆتەوە و هەروەها مەرجەعیەتی شیعەش هەڵوێستی خۆی





عارف تەیفور بۆ گوڵان:

## تاکڕەوێتی مالیکی لەحوکمڕانی عێراقدا وایلێدەکات زیاتر گۆشەگیر بێت

چەندین بەڵێنی بەسەرۆکی پەرلەمانی عێراق داوە بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکانی هەرێمی کوردستان بکات کەچی لەرووی پراکتیکییەوە بەهیچ جۆرێك پابەندی بەڵێنەکانی نییە، هەربۆیە لەجێبەجێکردنی بەڵێن و گەیشتن بەچارەسەرەکان لاوازە، بگرە زەحمەتیشە جێبەجێی بکات. پەرلەمانی عێراق خەریکی چارەسەرکردنی بارودۆخەکەیە، بەڵام ئەو پرسیارەی دەکرێت بکرێت ئایا تا چەند لەهەوڵەکانی سەرکەوتوو دەبێت؟ ئەمەش لەم قۆناغەدا وەڵامی زەحمەتەو نازانین)).
هاوکات لەگەڵ هەوڵەکانی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، بەڕێز بان کی مۆن ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە هەوڵی ئەوەدایە کە کوردستان بکات و تەنانەت رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرپرسیارە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە جێناکۆکی لەسەرەکان، ئەمەش کاریگەریی و فشاری گەورەی کردۆتە سەر مالیکی و تەنانەت لەچەندین لایەنی ترەوە گۆشەگیر بووە و دەورە دراوە، هەربۆیە بەتاکڕەویی بڕیارو مامەڵە دەکات و ئێستا ناچارە گوێبستی ئەو داواکاری و بڕیارانە بێت، بەڵام تاچەند پابەندە بەجێبەجێکردنی داواکارییەکان و هێورکردنەوەی بارودۆخەکە؟ بۆ ئەمەش کورد خاوەنی ئەزموونێکە لەگەڵ مالیکی و گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی کە مالیکی ئامادەیی تێدا نییە پابەندی بڕیارو بەڵێنەکانی خۆی بێت و پێشتریش هیچ بەڵێن پیشانداوە کە پشتگیری چارەسەری ئاشتیانە دەکات، هەروەها پەرلەمانی کوردستانیش هەموو هەنگاوێکی بۆ شەڕی ناوخۆ رەتکردۆتەوە، کەواتە دەکرێت لەم بارودۆخەدا ئاماژە بەوە بکەین کە ئیرادەی خێری ئاشتیخوازانە مالیکیی گۆشەگیر کردووە، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە پەرلەمانتار بورهان فەرەج کرد و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (ئەو بارودۆخەی ئێستا هاتۆتە ئاراوە هەمووی بۆ سەرپێچی کردنی دەستووری دەگەڕێتەوە، کە مالیکی نەیتوانی کێشەکان وەکو خۆیان بخوێنێتەوە، ئەمڕۆ عێراق وڵاتێکی دیموکراسی و فرەیی و دەستوورییەو پێویستە رێز لەو ئیمزایانە بگرین کە لەو رێککەوتننامانەدا

کردوومانن، وا کەوتەوە کە مالیکی بەشێکی عیراقییەی لە خۆی عادز کردبوو، هەروەها لە شیعەکان سەدرییەکان وێڕای ئێمەی کوردیش، مالیکی نەیتوانی قەناعەت بەم سێ پێکهاتە سەرەکییانەی عێراق بهێنێت و کاریان لەگەڵدا بکات، هەندێ لایەنی دیکەی شیعەش ماوەتەوە، من لەو بڕوایەدام کە حزبی دەعوەش بیرو بۆچوونی لەگەڵ مالیکیدا نییە، ئێستا مەرجەعییەش هاتۆتە سەرخەت کە دژی زۆر لە بۆچوونەکانی مالیکییە، مەرجەعییە زۆر کێشە لە عێراقدا چارەسەردەکات، مەرجەعییە وەك پاپا وایە لە عێراقدا، ئەو فتوا دەردەکات، بۆیە چ مەرجەعیەت چ حەوزەی عیلمی ڕێگە هەن، یان مالیکی بە تەواوەتی بێتەوە سەرخەت و واز لە ڕەفتارە نادەستوورییانەی بهێنێت، یان متمانەی لێ بسەندرێتەوە، هەر ئەمانەن چاکترین ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە)).

هەر لەم چوارچێوەیەدا و سەبارەت بە لاوازی هەڵوێستی مالیکی لە چوارچێوەی کۆدەنگی عێراقیەکان بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکان، موحسین سەعدون جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق بەمجۆرە بۆ گوڵان رای خۆی دەربڕی: (لەم بارودۆخە ئاڵۆزەی کە ئێستا عێراق پێیدا تێپەڕ دەبێت کێشانە وای لەمالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق کرد روو لەنانەوەی کێشەو گرفت بکات لەگەڵ هەرێمی کوردستان، تەنیا چارەسەریش لەوەدایە شاندە سیاسی و سەربازییەکانی ئێمەی کوردی رووبکەنە بەغداو هەوڵی جێبەجێکردنی رێککەوتننامەکانی تایبەت بەبودجەو سیاسی بکەن کە پێشتر مالیکی لەگەڵ هەرێمی کوردستان داوێتی، بۆ نموونە گەڕانەوەی بازگە هاوبەشەکانی ساڵی ٢٠٠٩ بەپێچەوانەوە پێویستە هێزی ئۆپەراسیۆنی دیجلە و هێزەکانی تر بچنەوە دەرەوەی ناوچە جێناکۆکی لەسەرەکان و ڕێگا بدرێت بە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی واتا پارێزگاو






## موحسین سەعدون بۆ گوڵان:


# ڕەنگە داواکاری لێسەندنەوەی متمانە لەمالیکی دەست پێ بکات

فتوا دەردەکەن و هیچ کەس و لایەنێك ناتوانن پێوەی پابەند نەبن، ئەو دوو لایەنە لەگەڵ بۆچوونەکەی موحسین ئەلحەکیمن کە لەگەڵ ئەوە نین کێشە لە عێراقدا بێت و سوپا بێتە نێو کێشەکانەوە، ئەمە وای کردووە کە هەموو مەسەلەکان بە قازانجی مالیکی کۆتایی نەیەن، بە بڕوای من مالیکی ئێستا تووشی هیسترییایەك بووە، هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکاو ئێرانیش لەگەڵ ئەو کێشانەدا نین کە مالیکی دروستی کردوون، ئێستا دەبێت ئێمەکار لەسەر ئەوە بکەین کە بە چ شێوەیەك بتوانین مالیکی لەم بۆچوونەی بەلاوە بنێین، تا دوای ئەو هیچ کەسێك جورئەت نەکات کێشەی ئاوا بوروژێنێت، بۆیە لێرەدا دوو هەڵوێستی مالیکی زۆر لاوازە، بەتایبەتی لەگەڵ دەرکەوتنی هەڵوێستەکانی تەیاری سەدری و ئەنجومەنی باڵا، ئەمەش دوای ئەوەی مالیکی دەستووری پێشێلکرد و گەندەڵی رادەبەدەری دارایی ئاشکرابووەو تەنانەت ئاشکرابوونی گەندەڵییەکانی کڕینی چەکی روسی و تێوەگلان لەگەندەڵییەکان لەم چوارچێوەیەدا دێت، ئەمە جگە لە دروستکردنی کێشەی هەڵوەشانەوەی بەشە خۆراکی هاووڵاتیان و نەبوونی خزمەتگوزاری، هەمووی بارودۆخێکی زۆر ناهەمواری بۆ گەلانی عێراق دروست کردووە و لەلایەن گەلانی عێراقەوە گرنگی بەمالیکی نادرێت، هەربۆیە لەگەڵ کەوتنەوەی ئەو هەموو ئەنجومەنی پارێزگاکان و یەکەی ئیداری قەزاو ناحیەکان بەپێی ئەو یاسایانەی هەیانە مامەڵە بکەن و پارێزگاری لەلایەنی ئاسایش و گیانی هاووڵاتیان بکەن. من پێم وایە بۆ دەربازبوون لەم کێشە ئاڵۆزەی کە ئێستا پرۆسەی سیاسی عێراق بەخۆیەوە دەبینێت و بووەتە هۆی کەوتنەوەی نائارامی و گرژی لەنێوان حکومەتی بەغداو هەرێمی کوردستان ئەوا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ چارەسەری دەستووری و یاسایی، هەر لە چارەسەرکردنی کێشەی بەپەلەی ناوچە جێناکۆکی لەسەرەکان بەپێی ماددەی دەستووری ١٤٠ بەتایبەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پارێزگای کەرکوك، لەگەڵ ئاڵۆزبوونی زیاتری



بورهان فەرەج بۆ گوڵان:

## دەبێت کار لەسەر ئەوە بکەین مالیکی لەم بۆچوونەی بەلاوە بنێین، تا دوای ئەو هیچ کەسێک جورئەت نەکات کێشەی ئاوا بوروژێنێت



عەبدولقادر بازرگان بۆ گوڵان:

## هەموو تورکمان و بزووتنەوەی چاکسازیی تورکمانیش دژی ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلەین و ئەو هێزە دەبێت هەڵبوەشێتەوە

بارودۆخەکەش رەنگە داواکاری لێسەندنەوەی متمانە لەمالیکی دەست پێ بکات و یاسای دیاریکردنی هەرێمەکان کە لەدەستووردا هەیە لەلایەن پەرلەمانـــەوە بێتە جێبەجێ کردن، کە هەرهەمـــووی لەکۆتایـــی دا لەبەرژەوەندی مالیکی نابێت.))

### نەتەوەکانی کوردستان دژی ئۆپەراسیۆنی دیجلە یەکهەڵوێستن

یەکێك لە خەسڵەتەکانی سەرهەڵدانی سیمای تۆتالیتاریـــەت و دیکتاتۆریـــەت لـــە هـــەر سەرکردەیەکی سیاسی هەوڵدانە بۆ پەرتکردنی ریزەکانی پێکهاتەی وڵات و ســـەرکوتکردنی نەیـــارە سیاســـیەکانی بۆ ئـــەوەی زەمینەی ئەوە خـــۆش بکات لە میانـــەی هەڵبژاردندا رکابەرەکانـــی بێ هێزبن و خـــۆی هەڵبژاردن بباتەوە، بە بردنەوەی هەڵبژاردنیش شەرعیەتی دیکتاتۆریەت لە بەرگی دیموکراتی دروســـت دەکات، بـــەڵام نەتەوەکانی کوردســـتان لەوە هۆشـــیارترن کـــە ئـــەم مانـــۆڕ و پیلانەی مالیکیان بەســـەردا تێپەڕبێـــت، بۆیە ویڕای هەموو هەوڵەکانی مالیکی لەم چوارچێوەیەدا ئەوان بە ئاشـــکرا دیوی ناوەوەی پیلانەکانی مالیکی ئاشکرا دەکەن، لەمبارەوە عەبدولقادر بازرگان ســـەرۆکی بزووتنەوەی چاکســـازیی تورکمـــان لەلێدوانێکـــی تایەتـــی بۆ گوڵان بەمجۆرە لەســـەر ئەم پرسە هەڵوەستەی کرد و گوتی: (ئەو هەنگاوەی مالیکی هەنگاوێکی دکتاتۆریانەیـــە و بـــۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچە دابڕێنراوەکانە، بە تایبەتیش شـــاری کەرکوك، بەڵام لای هەموولایەك ئاشکرایە کە مالیکی لە هەوڵی ئەوەدایە هەندێ گرووپی ســـوننەو نەتەوەکانی دیکە لـــە ناوچە دابڕێنراوەکانیش بخاتە ژێر دەســـەڵاتی خۆیـــەوە، دیارە هیچ کەســـێکیش ئەمـــە قبوڵ ناکات و ســـەرۆك بارزانیـــش یەکـــەم کەس بوو کـــە دژی ئەو هەڵســـوکەوتانەی مالیکی وەستایەوە، رەنگە هەندێ لایـــەن دژی ئـــەم هەنگاوانە نەبن، بـــەڵام خودی خۆشـــم و هەمـــوو تورکمان و بزووتنـــەوەی چاکســـازیی تورکمانیش دژی ئۆپەراســـیۆنەکانی دیجلەین و ئەو هێزە دەبێت هەڵبوەشێتەوە، هەروەها تەئکیدیش دەکەینەوەو داوا دەکەین کە پێشمەرگە لەناو سەنگەرەکانی خۆیانـــدا بمێننـــەوە، چونکە ئـــەو حکومەتە بەهیچ شـــێوەیەك جێگەی بڕوا نییە، هەروەها داوادەکەم ســـەرۆك کۆماریش دەسەڵاتەکانی خۆی بەکار بهێنێت، چونکە زۆر شت هەیە لە دەستی بەڕێزیاندایە، بۆیە دووپاتی دەکەمەوە کە ئەو هێزە دەبێت بکشێتەوەو خودی مالیکیش کە ئێســـتا ســـەرۆکی حکومەتە بەهەڵبژاردن نەهاتووە، بەڵکو بە تەوافوقی سیاســـی کوردو سوننەو شـــیعە بووەتە سەرۆك حکومەت، جا ئەگەر هەر لەســـەر حوکم بـــەردەوام بێت ئەوە وەك کودەتایەکی سەربازی خۆی دەسەپێنێت، هەروەهـــا مالیکی بەم رەفتارانەی دەیەوێت تا هەڵبژاردنـــی داهاتووی عێراق لەســـەر حوکم بمێنێتەوە، هـــاوکات زۆر هەنگاوی تاکرەوی دیکەی هاویشتووە وەکو چەك کڕین لە وڵاتان بە بیانووی بەهێزکردنی سوپا و بەرگری کردن، بەڵام ئەمەش دەچێتە خانـــەی بەتاڵانبردنی سامانی وڵات، چونکە بۆ هەموو لایەك روون بووەوە کـــە چۆن مەســـەلەی گەندەڵی هاتە ناوەوە، بۆیە ناوبەناو بیانوویەك دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی خەڵك و حزب و لایەنە سیاســـییەکانی پێ خەریك بکات، بەڵام سەرکردایەتی سیاسیی کوردســـتان لە سەروشـــیانەوە سەرۆك مسعود بارزانی زوو هەســـتی بەمە کـــردو رایگەیاند کە دانیشـــتن لەگەڵ مالیکیدا زۆر زەحمەتە، چونکە خاوەن هەڵوێست و بەڵێنی خۆی نییە و ئەو دژی هەڵبژاردنەو حەزدەکات لە ئێستاوە هەوڵ بدات بۆ هەڵبـــژاردن کۆنترۆڵی ناوچە دابڕاوەکان و شیعە نشین و سوننەنشینەکانیش بکات بۆ ئەوەی ئەم جـــارەش دەنگێکی زۆر بەدەست بهێنێت و ببێتە دیکتاتۆرێکی دیکە، ســـەبارەت بەو هەڵســـوکەوتەی مالیکیش کە دەیەوێت ناخۆشی بخاتە پەیوەندییەکانی نێوان هـــەردوو گەلی برا کـــورد و تورکمان ئەوە بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت بەینمان تێك بدات هەتا ئەگەر جیاوازیشمان لە بیرو بۆچووندا هەبێت بەڵام لەســـەر پرسە چارەنووســـازەکان یەك هەڵوێستین، کورد و تورکمان هەردەم بەیەکەوە لە سەر یەك خاك دەژین و بە درێژایی مێژووش بەرژەوەندی و هەڵوێســـتییان یەکیگرتۆتەوە، هـــاوکات ئەگەر کـــورد بەهێزبووبێـــت، ئەوا تورکمانیش هەر بەهێزبووینە، بە پێچەوانەوەش، بۆیـــە لێرەدا دووپاتی دەکەمـــەوە کە تورکمان هـــەردەم دژی بۆچوون و هەڵســـوکەوتەکانی مالیکی دەوەستنەوە)).

**شەپۆلی سوونامیی کوردەکان:**

# (بڕیاردان لە پێنج خولەکی دواییدا)

ڕێبوار سیوەیلی *
تایبەت بە گوڵان دەینووسێت



بۆی هەیە سیستەمێکی سیاسی ماوەیەکی زۆر لە حوکمدا بمێنێتەوە، بە زۆر یان بە شێوازیی تری ڕازیکردن ئارامییەکی ڕێژەیی دەستەبەر بکات، یان بۆ ماوەیەکی زۆر ترس لە دڵی هاووڵاتیاندا بچێنێت، بە جۆرێ کە لە نیگای یەکەمدا وا بزانرێ ئەو بێدەنگیی و هیچ نەگوتنە نیشانەی خۆشەویستیی ئەو فۆرمەی حوکمکردنە لەلای هاووڵاتیان و لە هەمان کاتیشدا، هاووڵاتیان لە ناخەوە بکوڵێن. بەمجۆرەش سەقامگیریی سیاسی بە جۆری ئەو کۆنترۆڵەی ڕەوایانەو ناڕەوایانە لەلایەن دەسەڵاتەوە بەکار دەهێنرێت، داهاتوو و مانەوە بۆ سیستەمەکە دەستەبەر ناکات. زۆر، ستەم و توندوتیژی کە ئامرازی دەستی حاکمانن، دڵسۆزیان نین، چونکە زۆر چەندە مرۆڤ کۆنترۆڵ دەکات، ئەوەندەش هووشیاری بەرامبەر بە غەدر بڵاو دەکاتەوە و هەستی هاوپەیمانێتیەکی نهێنی لەناو هاووڵاتیاندا بەرجەستە دەکات. ستەم، هەرچەندە ئامرازێکی سەرکوتانەوەی دەستی دەسەڵاتە، ئەوەندەش پردێکە خەڵك دەپەڕێنێتەوە بۆ ڕیزبوون لەناو شەپۆلێکی سونامی ئاسادا، کە ساتەوەختەکەی دیار نییە.

ئەوەی بە تەنیا مانەوەی فۆرمێکی حوکمداری دابین دەکات، پڕۆژە سیاسی و پارتیبازیە کورت مەوداکانی بۆ چەواشەکردنی ڕاستیی و بێدەنگکردنی نەیارەکانی و خۆڵکردنە چاوی خەڵکەوە نییە. هەروەك چۆن دروستکردنی گەورەترین بازاڕیش نییە بۆ ساخکردنەوەی ئەو کەلوپەلانەی لە شوێنەکانی تری جیهان بەرهەمهاتوون. ئەمە جگە لەوەی کردنی کۆمەڵگاش نییە بە بازاڕێکی گەورە و دروستکردنی ئایینێکی تر نییە بەناوی مەسرەفگەرایی و قازانجەوە. سیستەمێکی سیاسی ئایندەبین، ئەرکی ئەوە نییە بنەمای ئابووری وڵات بە فرۆشتنی سامانەکانی بخاتە مەترسییەوە، چونکە ئەمە مانەوەکەی دەخاتە مەترسییەوە و ئامادەی دەکات بۆ کەوتنە داوی پلانی نەیارەکانیەوە بۆ ئەوەی نەتوانێ هێزی کار دروستبکات و کۆمەڵگا بکات بە کۆمەڵگایەکی مشەخۆر و بێبەرهەم..

هۆکاری مانەوەی فۆرمێکی حوکمداری لەوەشدا نابینمەوە، کە هەمان کەسەکان هەمان پۆستەکان بەسەر خۆیاندا دابەش

**بارودۆخەکە لە گۆڕانێکی نەوعی و ڕیشەییدایە، بەرژەوەندییەکان گەورەتر بوون، ساتەوەختی بڕیاردان نزیکبۆتەوە، شەڕە لاوەکییەکان خەریکە بڕیارە سەرەکییەکانمان بیر دەباتەوە**

بکـەن. ئەمە جگە لـەوەی پلانیی کورت مەودا کاری سیستەمێکی سیاسیی نییە، کە دەیەوێت دەستکەوتی گەورەی لە دوور مەودایا هەبێت بۆ گەلان و کۆمەڵگاکان. سیستەمێکی سیاسی کارا، بە مانەوەی زۆری لە دەسەڵاتدا، داهاتوو بۆخۆی دابین و مسۆگەر ناکا. فۆرمی ئەو حوکمدارییە، وێڕای هەر کارێکی باش کە دەیکات و هەر وانەیەکی مێژوویی کە جێدەهێڵێت، بۆی هەیە دژەوانەیشی لێبکەوێتەوە، بۆ نمونە یەکخستنی هێزە نەیارەکان و دروستکردنی سایکۆلۆژیایەکی جەماوەری بەبێ متمانە. ئەوەی داهاتوو بۆ هەر فۆرمێکی حوکمداریی دەستەبەر دەکات، ئەو مەودا زۆرە نییە، کە تیایدا لە حوکمدا دەمێنێتەوە، بەڵکو ئەو پێنج خولەکەیە، کە تیایدا بڕیار دەدات بۆ داهاتووی کێشەکە و وڵاتەکە و گەلان.

لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا زۆرێك لەو سیستەمە سیاسی و فۆرمی حوکمداریانەمان بینین، کە مێژووییەکیان لە حوکمکردن هەبوو، بەتایبەتی لە جیهانی عەرەبیدا. مێژوویەك لە دروستکردنی هوتێل و گوند و بازاڕی گەورە و مرۆڤی مەسرەفگەرا و سیستەمێکی بانکی و کەڵەکەکردنی سەرمایە و وەرگرتنی زەکات و باج لە کۆمەڵگا بۆ گیرفانی دەستەبژێرێکی سیاسی و خەڵکانی هاوپەیمان لەگەڵ سیاسییەکان و نەوەکانیاندا. ئەمانە بۆیە نە ڕووخان، چونکە ئەم کارانەیان نەکردبوو، بەڵکو بۆیە دارمان و دادەڕمێن، لەبەر ئەوەی نەیانتوانی بڕیار بۆ داهاتووی گەلان و وڵاتەکەیان بدەن و لە کۆتایی پێنج خولەکی دواییدا نەیانتوانی خۆیان بگرنەوە و ئەوە بکەن کە دەبوو لە هەموو تەمەنی حوکمدارییاندا بڕیاری لێبدەن..

**شەپۆلی سوونامیی کوردەکان، گوێ لە ئارگیۆمەنتی ئایدۆلۆژی و تەرویجگەرایانەی کەس ناگرێت. هیچ مژدەیەک، وادەیەکی پەیامبەرانە نەماوە متمانەی پێبکرێت. ئەوەی کە ماوە و ڕابردوو هەنووکەو دوارۆژیش دابین دەکات، بڕیارەکەیە لە پێنج خولەکدا. کورتکردنەوەی مێژوویەکی تراژیدیانەیە، لە ساتەوەختێکی بنیاتنەرانەدا**

بڕیاردان لە مەسەلە و کێشە چارەنووسیەکاندا، ئەو ساتەوەختەیە کە پێنج خولەك زیاتر ناخایەنێت، بەڵام ئەم پێنج خولەکە دەتوانێت تەمەنی ئەو حوکمدارییە بۆ دەیان و بگرە سەدان ساڵ دووبارە بکاتەوە. تەنانەت بۆ ئەو کاتەش کە هیچکامێك لەوانەی لە ساتی بڕیارەکەدا ئامادەبوون، لە ژیاندا نەمابن. ئەمەیە نموونەی حکومداریی پریکلیس شا لە ئەسینای کۆندا، کە هاندەری سیاسەتکردن بوو بە ئاراستەی هێشتنەوەی کۆمەڵگا و خۆبەدوورگرتن لە هەر جۆرە شەڕێك، کە کۆمەڵگا لە ئامانجەکانی خۆی دوور دەخاتەوە. پریکلیس، دیموکراسیەتی کردە ئامانج و ستەمکاری بەهەر ناوێکەوە ڕەتکردەوە. یاسای دارشت و مافی هاوشارییەکانی پاراست. ئازادیی بیروڕادەربڕینی کردە ئامانج و سانسۆری خستە لاوە. ئەمەیە نمونەی شا فردریکی دووەم، کە لە ئەڵمانیای سەردەمی کانتدا، ئازادیی بیرکردنەوەی سانسۆر نەکردبوو لە پای ڕۆشنگەریدا و ئەم نموونانەش لە زۆر شوێنی دیکەی جیهاندا دووبارەبوونەوە، وەك ئەمەریکا، سکەندناڤیا و هیندستان و چیك و چەند شوێنێکیتر..

سیاسەتی ڕاستەقینە ئەنجامی ئەزموونێکی زۆر و قوربانیدانێکی بێسنوور و بڕیارێکە لە پێنج خولەکدا. سیاسەتکردن هونەری بڕیاردانە لەو ماوە کورتەدا، کە ساتی بڕیاردانەو ئەم ساتەش دووبارەبوونەوەی زەحمەتە. بەڵام ئەو بڕیارە داهاتوو دەستەبەر دەکات.

ساڵی ٢٠٠٣، سەرچاوەی بڕیار لە هەرێمی کوردستاندا بڕیاریان بۆ داهاتووی وڵاتەکە پێنەدرا، یان بڕیارێکی هەڵەیان دا. ئێستا پاش ئەوەندەساڵ بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین ئەو بڕیارە نەك هەر داهاتووی بۆ هەرێمەکە دابین نەکرد، بەڵکو بەستیشیەوە بە زنجیرەیەك ململانێی ئایینی و تایفەگەری و ئەتنیکی، کە ئەوسا بۆ کورد کۆتاییان پێهاتبوو. ئێمە لە ٢٠٠٣دا کەوتبووینە دوازدەهەمین ساڵی ئەزموونی حکومەتداریی خۆمانەوە، ڕاستە تا ئەوسا ئێمە لەبەر هۆکاری ناوەکی نەمانتوانیبوو، گوتاری ئەم ئەزموونە یەکبخەین، بەڵام خۆ لەوێشەوە تا ئێستا ئەمەمان بۆ نەکراوەو سیاسەتی کورتمەوداو ململانێ ناوەکییەکان، هەر بەردەوامن و بازنەی ململانێی ناوخۆیی فراوانتر بووە و ئەو هێزانە بەرجەستە بوون کە لە هەلی گونجاو دەگەڕێن بۆ داگیرکردنەوەی کۆمەڵگا بەناوی جۆربەجۆرەوە.

**ململانێ ناوەکییەکان، هەر بەردەوامن و بازنەی ململانێی ناوخۆیی فراوانتر بووەو ئەو هێزانە بەرجەستە بوون کە لە هەلی گونجاو دەگەڕێن بۆ داگیرکردنەوەی کۆمەڵگا بەناوی جۆربەجۆرەوە.**

ئاماژەکان لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا، نیشانەی نوێ و کۆدی تازەمان بۆ کردنەوەی دەرگایەك دەخەنە سەر پشت، کە ئەگەر توانیمان لێیان تێبگەین و بڕیار بدەین، ئەوە بێگومان ئایندە خۆیمان پیشان دەدات و ئێمە دوا نەوە دەبین، کە داخی نەگەیشتنی کورد بە ئاواتی خۆی دەبەینە ژێر گڵەوە. پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا

ئەقلییەتی سیاسی کورد بە ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵاتەوە لە هەرێمدا، ئاماژەکان دەبینێ؟، ئەگەر دەیانبینێ دەتوانێ کۆدەکان بکاتەوە؟ ئەگەر ئەمەیشــی کرد ئایا دەرگاکە بەرەو ئاینده دەدۆزێتەوە یان نا؟

من بۆخــۆم گومانم نییە لە ویســتێك بۆ گەیشــتن بە داهاتوو، بۆ پەڕینەوە بۆ ئەو دیو گەمەی حزبایەتی و پلانی تەکتیکی و ڕازیبکردنــی کاتیانــەی خەڵك. بەڵام دەشــزانم ئەم ویســتە بــە چەندین هێزی دەرەکیی و ناوخۆیــی چواردەوری گیراوە، کە هەر یەکەیان لــە هەوڵی پێوچاندایە بۆ بیرکردنەوە لە بەرژەوەندییــە تایبەتیەکانی خۆی. پێویســتە لە ئێســتادا ئەم ویستە ویســتیش بێت بۆ یەکخستنی دەنگەکان و دەستنیشــانکردنی بەرژەوەندیی هاوبەش. بەبێ ئەوە، ســاتەوەختی بڕیاردان قورس و دژوار دەبێت.

لە ئەگەری بەدەســتهێنانی کۆدەکەدا بەڵام تێنەگەیشــتن لێی و هەوڵدان بۆ کردنەوەی دەرگای هەڵــە، دەکەوینــە بــەردەم ئەم گریمانانەی خوارەوە:

یەکەم: ئەگەری ســەرهەڵدانەوەی دەنگی ناڕەزایەتی و ئۆرگانیزەبوونی خرۆشــانی جەماوەری، بەبێ ئەوەی پەنتی هاندەرەکانی لــە یەك لاوە بن بۆ ئــەوەی تەعامولکردن لەگەڵیــدا ئاســان بێــت. بەتایبەتی کە هیچکامێك لە هێز و لایەنە سیاسیەکان، بە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنەوە ئەو پەیمانانەیان وەك پێویست جێبەجێ نەکردوون، کە پێشتر و لە بۆنەی جیــاوازدا داویانن. دابەزینی متمانەی جەماوەری و فراوانبوونی بازنەی گومان لە ئۆپۆزیسۆن و دەسەڵات، بەڵگەی ئەمەن. جوانکردنی شەقامەڕێکانی هەولێر، دهۆك و سلێمانی، کردنەوەی مۆڵی گەورە و کارەبای نیمچە بەردەوام، دەردی کێشەی ناوچەکانیتر دەوا ناکات. هێشتاش بە دوو تا سێ کیلۆمەتر لە دەرەوەی ئەو شارانە، خەڵك بــە هەلومەرجی پێــش ڕاپەڕینەوە دەژین، ئەمە جگە لەوەی ڕێژەی دانیشــتووان بە شــێوەیەکی چاوەڕواننەکراو زیادیکردووە و هێزێکی جەماوەریی پەنگخواردوو ئامادەیی نواندنی هەر کردارێکی توندوتیژانەیە.

دووەم: گریمانەی دەستخســتنە ناوی هێزە ناوچەییەکان بۆ شێواندنی پتری بارودۆخەکەو زیندووکردنەوەی ئەوەی کە بەناوی بەهاری عەرەبییــەوە پێش دوو ســاڵ، توندوتیژیی زۆری بەرهەمهێنا و بە ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات و خەڵك و لێکەوتنەوەی قوربانی، کۆتایی هات. ئەو مەنجەڵە هێشتا دەکوڵێت، هێشــتاش هێزگەلێك لە چاوەڕوانیی هەلی گونجــاودان بۆ ئاڕاســتەکردنەوەی خەڵك بەرەو دووبارەکردنەوەی ئەو ئەزموونە.

ســێیەم: گریمانەی دەســت تێکەڵکردنی هێزە بڕیاردەرە جیهانیەکان لەبەر بەرژەوەندیە زۆرەکانیان لە بواری هێزی کاری هەرزان، نەبوونی باجی قورس، نەبوونی بزووتنەوەی ژینگەپارێزیی بەهێــز، نەبوونی کۆنترۆڵی نەوعیــی و دەیان لایەنیتر کە ســنووریان بۆ دابنێ، لەکاروباری سیاســی ناوچەکەو بەســتنی گرێبەست لەگەڵ لایەن و هێزی بەدیل بۆ کۆنترۆڵکردنی هەرێمەکە.

مــن وای بۆدەچــم ئەمجارە کــوردەکان شــەپۆلێك دەخەنــە گەڕ، کــە دەکرێ بە شــەپۆلی ســوونامی کوردەکان ناوببرێ و ناوچەیەکی جوگرافیایی بەرین دەگرێتەوە. بارودۆخەکــە لــە گۆڕانێکــی نەوعی و ڕیشەییدایە، بەرژەوەندییەکان گەورەتر بوون، ســاتەوەختی بڕیاردان نزیکبۆتەوە، شــەڕە لاوەکییەکان خەریکە بڕیارە سەرەکییەکانمان بیر دەباتەوە.

ئەوەی پێویستە لەم کاتەدا بیری لێبکەینەوە، پلانە کورتمەوداکان نین، وزە بەفیڕۆدان نیە لە شەڕی ئایدیۆلۆژی و حزبایەتیدا. بەڵکو بریتیە لە داهاتوو، لە مەودایەکی فراوانیی نوێکردنەوەی مێژووی کوردەکان و ناوچەکە. ئەو کــەس و لایەنانەی بیانەوێ داهاتووی سەد ســاڵیتر لەم هاوکێشەیە بخەنە دەرەوە، لە ئێستاوە دۆڕاون. شــەپۆلی سوونامیی کوردەکان، هاوسۆزی لەگەڵ ڕابردووی کەس ناکات، گوێ لە ئارگیۆمەنتی ئایدۆلۆژی و تەرویجگەرایانــەی کەس ناگرێت. هیچ مژدەیــەك، وادەیەکــی پەیامبەرانە نەماوە متمانەی پێبکرێــت. بۆیە ئەوەی کە ماوە و ڕابــردوو و هەنووکــەو دوارۆژیش دابین دەکات، بڕیارەکەیــە لــە پێنــج خولەکدا. کورتکردنەوەی مێژوویەکــی تراژیدیانەیە، لە ســاتەوەختێکی بنیاتنەرانەدا، کە شیاوە تەنیا نەوەکانی داهاتوو لێی سوودمەند بن و ئەم نەوەیەشیان بیربچێتەوە، بگرە ڕەخنەشی لێبگرن و نەفرەتیش بۆ گۆڕی یەکبەیەکمان بنێرن..

*** ســەرۆکی بەشی فەلســەفە کۆلێژی ئەدەبیات زانکۆی سەلاحەدین**

**گریمانەی دەستخستنە ناوی هێزە ناوچەییەکان دەکرێت بۆ شێواندنی پتری بارودۆخەکەو زیندووکردنەوەی ئەوەی کە بەناوی بەهاری عەرەبییەوە پێش دووساڵ، توندوتیژیی زۆری بەرهەمهێناو بە ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات و خەڵک و لێکەوتنەوەی قوربانی، کۆتایی هات**

**سیستەمێکی سیاسی کارا، بە مانەوەی زۆری لە دەسەڵاتدا، داهاتوو بۆخۆی دابین و مسۆگەر ناکا. فۆرمی ئەو حوکمدارییە، وێڕای هەر کارێکی باش کە دەیکات و هەر وانەیەکی مێژوویی کە جێی دەهێڵێت، بۆی هەیە دژەوانەیشی لێبکەوێتەوە**

**ئاماژەکان لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا، کۆدی تازەمان بۆ کردنەوەی دەرگایەک دەخەنە سەر پشت، ئەگەر توانیمان لێیان تێبگەین و بڕیار بدەین، ئەوە بێگومان ئاییندە خۆیمان پیشان دەدات و ئێمە دوا نەوە دەبین کە داخی نەگەیشتنی کورد بە ئاواتی خۆی دەبەینە ژێر گڵەوە**

سایکۆپۆلیتیک

# بۆ دیاریکردن و لێکدانەوەی ستراتیژی سیاسیی

**سایکۆپۆلیتیک، ڕێبازێکە لە خوێندنەوە، بۆ ناساندنی چالاکی سیاسی مرۆڤ، تا لەوێوە بتوانین ئاراستەی دەروونی، کە کاری سیاسی دەسنیشان دەکات، شیکار بکەین. واتە ئەو لایەنەی مرۆڤ کە کاریگەری بەسەر مرۆڤەوە لە پرۆسەی سیاسیدا هەیە و دیار نییە، بە دیار بخەین. لە چەند کتێب و وتاری تردا هەوڵی لەم جۆرەمانداوە، بەڵام ئەمجارەیان فاکتێك کە هەنوکە لە ئارادایە و دۆخی هەرێمی کوردستانی خستۆتە مەترسییەوە، دەکەینە ئاماژە، تا ئەو مەبەستە ڕوونتر ئاشکرا بکەین. یەکێك لەو فاکتەرانەی کە ناواخنییەو پرۆسەی سیاسی ئاراستە دەکات، لە سایکۆلۆژیادا بە ستراتیژ ناسراوە، بۆیە لێرەدا تیشك دەخەینە سەر سیاسەت و ستراتیژ.**



ئازاد قەزاز

تایبەت بە گوڵان نووسیوەتی

### سیاسەت و ستراتیژ

لەم بابەتەدا دەخوازم لە ڕوویەکی سایکۆلۆژییەوە لە سیاسەت بڕوانم و تیشکێک بخەمە سەر مرۆڤ، کە چۆن ستراتیژیەتی خۆی بەکاردێنێ و دەیەوێت بگاتە ئامانج. بێگومان سیاسەت یان سیاسەتکردن، جۆریکە لە ڕەفتار، مرۆڤ دەینوێنێت تا دەسەڵاتێک یان مافێک وەدیبهێنێت. دەبێ ئەوەش بزانین، مرۆڤ بەردەوام ستراتیژێکی هەیەو لەو دیدەوە ئامانجی خۆی دەبینێتەوە. ستراتیژ لە دیدی سایکۆلۆژیاوە، جۆرێکە لە پێکهاتەی زەینی مرۆڤ، کە هانی دەدات بە ئاڕاستەیەکی تایبەتدا بیبات تا بگاتە مەبەست و مەرامی خوازراوی خۆی وەدەسخات. لێرەدا مەبەستی ئێمە قسەکردن نییە لەمەڕ سیاسەت، بەڵکو تیشك خستنە سەر ستراتیژ لە گۆشە نیگایەکی سایکۆلۆژیاوە. تا ئەوە دەرخەین، چۆن ئەو ستراتیژە کاریگەری لەسەر ئاڕاستەی سیاسەتکردن دەبێت، هەروەها دەکۆشین ئەو تێگەشتنە لە سیاسەت و ستراتیژ، بە هەلومەرجی هەنووکەی هەرێمی کورستانەوە ببەستینەوە و کاراکتەری سیاسی و ئاراستەی سیاسی ئەقڵیەتی سیاسەتوانانی کورد لەم هەرێمەدا لەبەر ئەو تیشکەدا بخوێنینەوە. لەسەرەتادا بە پێویستی دەزانم واتای ستراتیژ لە ڕوانگەی سایکۆلۆژیاوە بخەمە ڕوو.

لە گۆشە نیگای سایکۆلۆژیاوە، ستراتیژ بریتییە لە کۆی ئەو ئەزموونە ناوەکی و دەرەکیانەی لە مرۆڤێکدا خۆی گرتووە، کە بەردەوام ئەنجامێکی دیاریکراو بەرهەم دەهێنێت. دەتوانین بە جۆرێکیتر بڵێین، ستراتیژ چەند هەنگاوێکی یەك لە دوای یەکە، کە مرۆڤ بەرەو ئامانجێکی چاوەڕوانکراو دەبات. سایکۆلۆژیا بۆ ناساندن و مانادان بە ستراتیژ، قووڵتر لەوە دەچێت کە هەر تەنیا هەنگاونان و ئەزموونکردنی تایبەت بێت، بەڵکو دەڵێت، ستراتیژ شتێکە ها لە مێشکدا، ها لە ناو فکردا، هەروەها وا لە ناو دەمارەخانەی مێشکی مرۆڤدا کە بەرەو ڕەفتارێکی تایبەت و دەرەنجامێکی دیاریکراوی دەبات.

لەم بۆچوونەی سەرەوەدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە ستراتیژ، ستراکچەرێکە یاخود پێکهاتە دەروونییەکە، کاتێ کە ئێمە ڕەفتارێك دەنوێنین، هانمان دەدات چۆن چۆنی ئەو ڕەفتارە بنوێنین. واتە ئەگەر کەسێك لە ناو مێشکی مرۆڤێك بڕوانێت و ستراتیژی ئەو مرۆڤە ببینێت، دەتوانێت پێشبینی ئەوە بکات، سەر لە کوێوە دەردەکات، چونکی ئەو مرۆڤە بەگوێرەی ئەو ستراتیژەی خۆی دەبزوێت و دەرەنجامیش دەردهێنێت. بەم پێیە دەتوانین سیاسەتکردنی کەسێك، وەك ڕەفتارێکی سیاسی لە ڕێگەی ناسینەوەی ستراتیژی ئەو کەسەوە بدۆزینەوە. بەهەمان شێوە دەتوانین کۆ ئەقڵی سیاسی کۆمەڵێك یان گەلێك دەسنیشان بکەین و لە دەرنجامەکانیشی وردبینەوە. مرۆڤ هەر لەمنداڵییەوە ستراتیژی خۆی پەرەپێدەدات، بەردەوام دەبێت لەو گەشە پێدانەدا، هەر لەو کاتەوە چەندین ئەزموونی ناوەکی و دەرەکی لە خۆیدا پێدەگەیەنێ. ئیدی ئەو مرۆڤە بیەوێ و نەیەوێ لە هەڵسوڕان و ڕەفتار نواندندا،

**لێکدانەوەمان بۆ ستراتیژی سیاسی، بیرکردنەوەیە بۆ خۆمان و ناساندنی دۆخی دەروونی سیاسی خۆمانە، تا بتوانین ئەوەی بەرامبەرمان وەستاوو لەهەل دەگەڕێ بۆمان، شکستی پێبهێنین، نەک لەڕێگەی زەبروزەنگەوە، بەڵکو لە ڕێی گۆڕینی ستراتیژیەتی خۆمانەوە ئەو بەرهەمە بچنینەوە.**

بەردەوام ئەو جۆرە ستراتیژەی هەڵیگرتووە، ئامادە دەبێت. ئەم بۆچوونە سایکۆلۆژییە دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە گومان لەوەدا نییە، هەر مرۆڤێك ستراتیژێکی خۆی دەبێت لە کاتی مومارەسەکرنی کاری سیاسیدا، هەر کۆمەڵێکیش ستراتیژی لە نەستەکۆی خۆیدا هەڵگرتووە و زۆرجاریش، ڕابەرە سیاسی و ئاینییەکانیش بەو ئاقارەدا دەبات کە نەستەکۆی ستراتیژی ئەو کۆمەڵە خۆی گەرەکیەتی . لەهەمانکات ئەوەشمان پێدەڵێت، هەر کاتێ مرۆڤ لە خودی خۆی هۆشیار بۆوە و ستراتیژەکانی لە کات و ساتێکدا سەرکەوتوو نەبوویێت، توانای دەبێت ئەو ستراتیژە بگۆڕێت، تا دەرەنجامەکانیش بگۆڕێت و ئامانجی خواستراوی خۆیشی وەدیبهێنێت.

ئێمە دەمانەوێت لەم دیدە سایکۆلۆژییەوە لە سیاسەتی کوردی باشوور لە سۆنگەی ڕووداوەکانی کاری سیاسی ئەم چەند ساڵەی ڕابردووەوە، بڕوانین، لەوێوە هەندێ ڕەفتاری سیاسی ئەوان بخوێنینەوە، لەوێشەوە لەو ستراتیژەی هەڵیان گرتووە، وردبینەوە، تاکو بزانین؛ ئاخۆ ستراتیژیەتی سیاسەتی کوردی ئەم هەرێمەی کوردستانی باشوور، ئامانجەکانی وەدیهێناوە، یان دەبوایە ئەو ستراتیژەی بگۆڕیبایە، تا ئامانجەکەی بپێکایە؟!

وەک نموونە پرسیارێک دەکەین سەبارەت بە پێوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی ئێراق بەم شێوەیە: ئایا ستراتیژیەتی سیاسەتی کوردی، واتە ئەقڵیەتی سیاسی کوردی یان ئەو بنەمایانەی کە ئەقڵی سیاسی کوردی بیری پێکردۆتەوە، لەمەڕ پێوەندی خۆی بە حکومەتی ناوەندی لە بەغدا، ئامانجی خۆی یان بەرژەوەندی هەرێمی پاراستووە؟ یان ئەو بەرژەوەندیەی خستۆتە بەر مەترسیەوە؟

**هەر کاتێ مرۆڤ لە خودی خۆی هۆشیار بۆوەو ستراتیژەکانی لە کات و ساتێکدا سەرکەوتوو نەبوویێت، توانای دەبێت ئەو ستراتیژە بگۆڕێت، تا دەرەنجامەکانیش بگۆڕێت و ئامانجی خواستراوی خۆیشی وەدیبهێنێت**

دەبێ ئێمە لەوە ئاگادار بین، لێکدانەوەمان بۆ ستراتیژی سیاسی، بیرکردنەوەیە بۆ خۆمان و ناساندنی دۆخی دەروونی سیاسی خۆمانە، تا بتوانین ئەوەی بەرامبەرمان وەستاوەو لەهەل دەگەڕێ بۆمان، شکستی پێبهێنین، نەک لەڕێگەی زەبروزەنگەوە، بەڵکو لە ڕێی گۆڕینی ستراتیژیەتی خۆمانەوە ئەو بەرهەمە بچنینەوە. ئێمە لێرەدا نامانەوێت ئەوە بخەینە ڕوو کە خەتای کێیە و کێ دەسپێشخەرە لە سنوور بەزاندن، واتە هێرش ناکەینە سەر کەس، بەڵکو لە خۆمان دەکۆڵینەوە، ئاخۆ لە بیرکردنەوەی خۆماندا کورتیەك هەبێ، واتە ستراتیژی سیاسەتی ئێمە، بە ئاڕاستەیەکدا دەڕوات، کە لە کۆتاییدا، ئاخۆ لەبری ئەوەی بەرژەوەندی خۆمان دابین بکەین، یان خۆمان بەدەستی خۆمان لەناو دەبەین، یاخود وەک ئەو پشیلەیەمان لێدەکەن کە چۆن

**بەهۆی ئینگلیزەوە بەشێکی کوردستان کەوتە ژێر دەستی حکومەتی شێخی حەفیدەوە، کەچی دواجار دەبێتەوە بە دوژمنداری نێوان کورد و ناوەند و جەنگ و هەرا دژ بە ئینگلیز؟ تۆ بڵێی ئەمەی ئێستەش هەمان سیناریۆ نییە دووبارە دەبێتەوە؟**

لە گۆشەی ژوورێکدا بەدەست مرۆڤێکەوە گیرۆدە دەبێت، بەناچاری دەبێت پەلامار بدات، بە هیوای ئەگەرێک، بەڵکو خۆی ڕزگار بکات.

لێرەدا ئەو پرسیارە خۆی دەسەپێنێت: بۆ سیاسەتی هەرێمی کوردستان لەسەرەتای دامەزراندنی ئێراقی نوێ (وەك دەڵێن) دۆستێکی ئازیز و بەنرخی دەسەڵاتە یەك لە دوای یەکەکانی حکومەتی ناوەندی بوو، لەناوبژیوانیدا جێگەی دیاربوو، تا ئەو ئاستەی بروانامەی هێلکەی قەپانی پێبەخشرا، ئەی بۆ هەنوکە ئەو جێگەو پێگەیەی لای ئەوانە نەماوە؟ بۆ لە سەرەتادا لەگەڵ بەرەیەکدا هاوڕاو دۆستی گیانی بە گیانی یەکدی بوون، کەچی ئێستا هەمان بەرە بووە دوژمن و فاشی و دیکتاتۆر؟ چی وایکردووە ئێستا بکەوێتە بەرەیەکیترەوە، ئەو بەرەیەی زووتر هەڵگری ئەو سیفاتانەی پێشەوە بوون؟

**ئاخۆ لەبری ئەوەی بەرژەوەندی خۆمان دابین بکەین، یان خۆمان بەدەستی خۆمان لەناو دەبەین، یاخود وەک ئەو پشیلەیەمان لێدەکەن کە چۆن لە گۆشەی ژوورێکدا بەدەست مرۆڤێکەوە گیرۆدە دەبێت، بەناچاری دەبێت پەلامار بدات، بە هیوای ئەگەرێک، بەڵکو خۆی ڕزگار بکات.**

تۆ بڵێی سیاسیەکانی کوردی باشوور لە ئێستا و ڕابردوودا، بەیەک ستراتیژی سیاسی بیر بکەنەوە بۆیە وا هەمان دیاردە(تێکچوونی پێوەندی هەرێم و ناوەند) لە ئێستە و ڕابوردودا دووبارە دەبێتەوە؟ بۆچی لەسەرەتای هەفتاکانی سەدەی ڕابووردوودا بۆ چەند ساڵێ نێوان کوردی باشوور و حکومەتی ناوەندی ڕێککەوتن دروستکرا، کەچی لە دواجاردا تێکچوونەوە؟ ئەی بۆ لە ساڵەکانی بیستی سەدەی ڕابردوودا سەرکردایەتی کوردی باشوور، دیسانەوە لە تەك حکومەتی ناوەندی تێکچوویەوە، کە لەوەوبەر ڕێك و تەبا بوون. بەهۆی ئینگلیزەوە بەشێکی کوردستان کەوتە ژێر دەستی حکومەتی شێخی حەفیدەوە، کەچی دواجار دەبێتەوە بە دوژمنداری نێوان کورد و ناوەند و جەنگ و هەرا دژ بە ئینگلیز؟ تۆ بڵێی ئەمەی ئێستەش هەمان سیناریۆ نییە دووبارە دەبێتەوە؟ تۆ بڵێی هەمان ستراتیژی کوردی نییە لە فۆرمێکی تردا، لە بەرامبەر کەس و بەرەیەکی تردا، خۆی دووبارە کردبێتەوە؟ کێ ناڵێ هەمان ستراتیژی کوردی باشوور نییە کە بە هەمان بن بەستمان دەگەیەنێت؟ دووبارەی دەکەمەوە کە مەبەستی ئێمە لێرەدا بە هەڵە بردنی کەسێکی تایبەت نییە، هێندەی مەبەستمانە کە ئەو ستراتیژەی مێژووی خۆمان، پەروەردەی خۆمان و دروشمی خۆمان، ئەقڵیەتی سیاسی کوردی بە ئاقارێکدا دەبات، کە بەم ئەنجامەمان بگەیەنێت، کەچی لەبری ئەوەی ئەو ستراتیژە بگۆڕین، یان ئەوەتا بەشان و باڵیدا دەڵێین و سەرکردەکان لە خشتە دەبەین، یان ئەوەتا سەرکردەکان بە خۆیان نازانن کە بوونەتە کۆیلەی ئەو ستراتیژەی وەك پیرۆزییەك دەبێت بیپارێزن.

کەمێــك زیاتر بونیاتنــەری كۆدەنگی بن، بەڵام بەداخــەوە نەیانزانی، ئیخوانی موســلمین وەكو لایەنێكی زۆرینە و بەهێز سەریهەڵدا، لەسەرەتادا بەپێی ئەو بنەمایانەی ئیخوانی لەسەر دامەزرابوو، ئەجێندا و ئایدیۆلۆژییان لەبارەی خودی دەسەڵات نەبــوو، بەڵام دواتر بــە تێكەڵبوونیــان لەگەڵ سیاسەت بەبێ جیاكارییەكی روون لەنێوان رۆڵی سیاســەت و رۆڵی پــەروەردە، ئەوا هەڵوێســتی ئیخوانی شێواندووە و ئەمەش زۆربەی لایەنەكانی ئۆپۆزســیۆنی تۆقاندووە، ئەم ترسەش ئەو كاتە زیاتر بوو كە لەســەر بنەمای حزبایەتی ئیخوان پرۆژەی نووسینەوەی دەستووری تێپەڕاند، راستە پێشــبینی ئەوە دەكرا ئیخوان موسلیمین لە میسر بگاتە دەسەڵات و حكومڕانی بكات، بەڵام ئەوەی ئیخوانی موســلمین كردی ئــەوە بوو كە توانیی لەگەڵ سووپا بگاتە كەمپرۆمایز، بەڵام نەیتوانی لەگەڵ ركابەرە مەدەنییــەكان كەمپرۆمایز بكات كە ئەوان هەرەشــەیەكی كەمترن لەسەر ئیخوان، من بەم شــێوەیە پارتایەتیی ئیخوانی موســلمین كە ئەمرۆ ســەری هەڵداوە، بەڵام بەداخەوە تاكو ئەمرۆیش نە ســەركردەكانی ئیخوانی موسلمین و نەیش ئۆپۆزســیۆن هیچ لایــەك ئەم خاڵەی نەخستوونەتەڕوو)).

هەر لەچوارچێوەی ســوود وەرگرتنــی ئیخوان لەبارودۆخەكــە و هەوڵدانــی بــۆ ئاڵۆزكردنی بارودۆخەكە پرســیارمان لە پرۆفیســۆر ستیڤن لیفینگســتۆن ئوســتادی میدیــا و كاروباری نێودەوڵەتــی لەزانكــۆی جۆرج واشــنتۆن كرد، ئەویش ســەبارەت بە قۆستنەوەی هەلەكە لەلایەن ئیخوانەوە بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو و وتی: (لە ڕاستیدا ئیخوان موسلمین سوودیان لە بارودۆخەكــە وەرگرت، ئەویش بە حوكمی ئەوەی ئەزموونێكی هەشــتا ساڵییان هەبوو- ئەگەرچی بە شێوەیەكی ڕەسمیش نەبو- و كاتێكیش بەهاری عەرەبی ئاسانكاری كرد- كە بە تەنیا ئەم كارەی نەكــرد- بەڵكو ڕاگەیاندنیش هــاوكار بوو، ئەوا بۆشایی دەسەڵات دروست بوو بە نەمانی موبارەك، بەڵام ڕۆیشــتنی موبارەك تەنیا هەنگاوی یەكەم بگەڕێنەوە بۆ شێوازە كۆنەكەی خۆڕێكخستن بۆ ئەوەی مورسی و ئیخوان موسلمین بخەنە بەردەم لێپرســراوێتیەكانیان. لە ڕاســتیدا تەنیا خەڵكە ئاســاییەكە نارەزای دەرنەبڕیوە، بەڵكو دەسەڵاتی قەزائیش ئەم كارەی كردووە و ڕاوێژكارە باڵاكانی دەست لە كار دەكێشنەوە و پەیامێكی ڕوونیان پێداوە كە ئەو سنووری دەســەڵاتی خۆی تێدەپەڕێنێت و ئــەو كارێــك دەكات كە پێگــەی خۆی لاواز دەكات. لەبەر ئەوەی دەبێت ڕژێمی حكومڕان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت یان لە هەر شوێنێكی دیكە پابەند بێت بە بنەما دیموكراســیەكان و بە بەرپرسیارێتیەوە. لە نێو ئەو نەتەوانەی ناوچەكەدا كە شــەپۆلی بەهــاری عەرەبــی گرتینیەوە لە باكووری ئەفریقیادا، ئەوا تونس- ئەگەرچی بێ كێشــە و نیگەرانی نەبووە- گەورەترین گەشبینی هەبووە بەوەی بتوانێت گەورەترین بەرەوپێشــچوون بەدەســت بهێنێت...... بەڵام هێشــتا زووە بۆ ئەوەی بڵێیێت چی لە میسردا ڕوودەدات، چونكە ئەو كەســانەی لەسەر شەقامەكانن زۆر گەشبین

## مەحمود ئەیوب بۆ گوڵان:



### پێم وابوو مورسی كەسێكی ژیرە و پابەندبوونێكی ئیسلامی هەیە و ڕێگایەكی مامناوەند دەگرێتەبەر لە دەسەڵات

## محەمەد نەمر بۆ گوڵان:



### ترسی ئۆپۆزسیۆن ئەو كاتە زیاتر بوو كە لەسەر بنەمای حزبایەتی ئیخوان پرۆژەی نووسینەوەی دەستووری تێپەڕاند

دەخوێنمەوە و ســەیری دەكــەم وەكو فاكتەرێكی [illegible]

بوو، كە كرانەوەیەك ڕوویدا و ئیخوان موسلمینیش [illegible]

نین، بەڵام هێشتا مێژوو نەنووسراوەتەوە و نازانین [illegible]

ئــاراوە، با لێیان گەڕێین بزانین چۆن حکومڕانی دەکــەن، بــەڵام دەرکــەوت ئــەوەی لەمیانەی ڕێکخراوە ئایینیە خێرخوازەکاندا بانگێشــەیان بۆ دەکرد، لەگەڵ شــێوازی حکومڕانیان دوو شتی لێکجیاوازە، ســەبارەت بەم جیاوازییە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر ســەید سەعید ئەمینداری گشتی ڕێکخراوی ئیســلامی لەباکووری ئەمریکا کرد و لەوەڵامــی پرســیارەکەی گوڵانــدا جەختی لەســەر ئەوەکردەوە هۆکاری سەرەکی ئەو کێشانە کەمئەزموونی ئیخوان موسلمینە لە حکومڕانیدا، لەمبارەوە بەمجۆرە رای خۆی بۆ خســتینەڕوو و وتــی: (دەبێت ئەوە بزانین کە بــۆ چەندین نەوە ئیخوانــەکان دوچــاری ســەرکوتکاری هاتن و هەرگیز حکومڕانیان نەکرد و ئەوە یەکەمجارە ئەو دەرفەتە بۆ میسر دروست دەبێت، من لە ئەمریکاوە قســەت لەگەڵ دەکەم و ئێمە لە ســاڵی ١٧٧٦ دەستوورمان پەســەند کرد و لە دەستووردا وتمان هەموو ئەمریکیەك مافی دەنگدان و هەڵبژاردنی حکومەتی هەیە، بەڵام دووســەد ساڵی زیاتری

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەخشی، لەبەر ئەوەی دوای پەنجا بۆ شەســت ساڵ لە دیکتاتۆریەت خەڵکی ناوچەکە بۆ یەکەمجار ئەزموونی دیموکراســیان کرد. دیموکراســیش لە پڕێکدا نایەتەدی و کاتی دەوێــت و گــرژی و ناکۆکی دروســت دەبێت، بــەڵام هەموو ئەوانە کۆتاییــان دێت. ئێوەش لە کوردســتان دووچاری دژواری و کێشــە بوونە، بەڵام پێدەچێت ئێوە پابەند بن بە دیموکراســیەوە و ئێمە دوعاتــان بۆ دەکەین و ئومێد دەکەین ئێوە ببنە مۆدێلێك بۆ کەســانی دیکــە. من دەزانم زۆرێك لە وڵاتە ئیســلامیەکان دیموکراسی نین، و نایانەوێت دیموکراســی لە وڵاتە دراوســێکاندا گەشــە بکات، لەبەر ئەوەی ئــەوە دەبێتەهۆی مەترسی لەســەر بەرژەوەندیەکانیان و زۆرێکیان ئیســلام بەکار دەهێنن بۆ برەودان بە تێگەیشــتن و بە ئایدۆلۆژیایەکی دژ بە دیموکراســی، ئەمە مایەی نیگەرانیە، بەڵام ئەوان سەرچاوەی ئەوەیان نییە کە ئەو جۆرە ئایدۆلۆژیایە بســەپێنن بەسەر حکومەتێکدا و ئەوان شکستسان هێناوە لەوەدا. لە


لەوەدانییە کە لە ماوەی نیو ســەدەی ڕابردوودا هزری موســڵمانان لەو بەشەی جیهاندا شوێنراوە و ڕێگایان پێنەداون لە ڕووی ڕۆشــنبیرەوە پەرە بــە خۆیان بدەن و بواریان پێنــەدراوە دامەزراوەی سیاســی و پەروەردەییــان هەبێــت، واتە کۆت و بەند هەبووە، بەڵام هــەر مرۆڤێك لە دایك دەبێت خەونی ئازادبوونــی هەیە و خەونی ئەوەی هەیە پــەرە بە خۆی بدات، ئیســلامیش ئــەو خەونە تاکەکەســیانەی لەبەرچاو گرتووە. بەڵام ئازادی بە خۆڕایی بەدەســت نایــەت و قوربانی دەوێت و دەبێــت چاوکراوە بین، چونکــە کاتێك ئازادی بەدەست دەهێنیت کەسانێك دروست دەبن دەیانەوێت لێــت زەوت و بکەن و بــەکاری بهێنن، ئەمەمان لە عێراق و لە پاکســتان بینی، هەردوو وڵاتەکە دەیانەوێت دیموکراســی بن، بەڵام کەسانێك هەن ئایین و سیاسەت و ڕێگای جیاواز بەکار دەهێنن بۆ ئەوەی لە خەڵکەکەی زەوت بکەن، کەواتە ئەم ململانێیە بــەردەوام دەبێت، بەڵام دڵنیایین لەوەی کە ئەم شەپۆلی دیموکراســیەی لە ڕۆژهەڵاتدا

## ستیڤن لیفینگستۆن بۆ گوڵان:



### بەهاری عەرەبی و هەڵبژاردنەکان هەنگاوی کۆتایی نەبوون بەڵکو سەرەتای گۆڕانکاریەکی شۆڕشگێڕی بوون لە میسر

## سەید سەعید بۆ گوڵان:



### زۆرێک لە وڵاتە ئیسلامیەکان دیموکراسی نین و نایانەوێت دیموکراسی لە وڵاتە دراوسێکاندا گەشە بکات

خایاند تاوەکو کەسێکی ڕەشپێست بچێتە کۆشکی [illegible]

ڕاســتیدا ئەوان خۆشیان لە مەترسیدان، کە دەبێت [illegible]

دروســت بووە نــاڕوات و ناڕەوێتەوە. ســەبارەت [illegible]

فیکری جیاوازیبوون

# لابردنی بەربەستی نێوان هاودژەکان

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیووە



نالّێین فەلسەفەی جیاوازیبوون، چونکە ئەم پرسە پڕ بە واتای خودی وشەکە لەخۆیدا هیچ پێوەندییەکی بە فەلسەفەوە نییە، تەنانەت پێوەندی بە ڕێبازگەیەك یان تەوژمێکی فەلسەفیانەشەوە نییە، چونکە ئێمە لەبەردەم فیکرێکداین، ناشکرێت ئەو فیکرە بخرێتە ژێر پەسن و چارشێوی ناوێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو فیکرێکی ناهاوکوف و ناهاوچەشنە، دریدا سەبارەت بە فەیلەسووفان و بیرمەندانی سەر بە وەچەو هاوزاکانی خۆی دەڵێت ((هیچ شتێك نەبووە خزمەت بە کۆك بوون و ڕێکەوتنی نێوانیان بگەیەنێت، چونکە جیاوازیی و ناکۆکبوون لەو ناوەندەدا بە جۆرێك تۆخ بوو بوونەوە، بە هەر شتێك ناوزەدیانت بکردنایە، ناوی هاوچەشنێتی وهاوکوفێتی بە باڵایاندا نەدەبڕدرا))، خۆ ئەگەر هەر پێویست بکات خاوەنەکانی بیرۆکەی جیاوازیبوون لە ژێر ناوێکی هەمەکیدا کۆبکرێنەوە، باشترە زاراوەی تۆڕیان بۆ بوروژێندرێت، چونکە وا هەست بە خۆیان دەکەن کە چووبێتنە ناو تۆڕەکانی بەرگریکردن، زۆربەشیان کاتێ لە بزاڤەکەیان دەئاخافتن ئەم زاراوەیەیان بەکاردەهێنا، هەموو ئەمەش لەو پێناوەدابوو تا ئەوە نیشان بدەن کە ئامانجی بنەڕەتی بزاڤەکەیان بریتییە لە لێکجودابوونەوەیان لە فەلسەفە، یان لە مێژووی فەلسەفی و تێپەڕاندنی ئەو مێژووە، یان وەك هەندێکیان بەوە گوزاریشتی پێ دەردەبڕن کە لە جوغزی هەربونێتی (حتمیە) فەلسەفە وەدەرهاتبێتن، ئەمەش بەو واتایە نایەت بووبێتنە دوژمنانی سەرسەختی هەموو مێژووی فەلسەفە کە وەك هەندێ لە وەزعیناسەکان هەستێکی وەهایان لا خوڵقابوو، ڕەنگە پێچەوانەکەی ئەمە ڕاست دەربچێت، لەسەرێکی ترەوە دەشکرێت دڵنیا بینەوە لەوەی زیاتر لە هەموو بیرمەندانی تر بایەخیان بەو مێژووەی فەلسەفە دابێت، ئەمان فەقیهو داڕێژەرانی تێکستە فەلسەفیەکانن، گەرچی زۆربەیان فەلسەفەیان لە ناو چواردیواری زانکۆکان پێڕەوکردووە، تەنیا ئەوەش بەسە ناوەکانی هایدگەرو دریداو دۆلۆز بژمێرین تا قەناعەت بەم ڕاستیە بهێنین، بەڵام بایەخی خۆیان چڕ کردۆتەوە بۆ جیابوونەوە لە فەلسەفە یان دوور کەوتنەوە لە میتافیزیك هەر وەك خۆیان ئەوەیان پێ قبوڵە وایان پێ بووترێت، لە پێناوی ئەو مەبەستەدا خۆیان پڕچەککردووە تا ئەو ڕاددەیەی هەندێکیان بە لێکترازان(تەفکیکی) یان بە تێپەڕسازیی تۆڕی خۆیان ناودێر دەکەن، کاتێك لە ڕووی مێژوویی و لۆژیکیەوە میتافیزیك تێدەپەڕێنن، مەبەستیان لە چەمکی میتافیزیك ئەوە نییە بیکەنە لکێك لە لکەکانی فەلسەفە، یان هونەرێك لە هونەرەکانی لێکۆڵینەوەسازی، بەڵکو مەبەستیان لێی خودی مێژووی زیندەبۆیە (کائن)، یان بونیاتی بوون (وجود)ە..

دەتوانین بڵێین دیالۆگی ئەوان لە بنەڕەتدا ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی هیگڵ دەکرایەوە، یان بە واتای تر ئاڕاستەی فیکری دیالەکتیکی بوو بە شێوە گشتیەکەی، ئەو دیالۆگە زیاتر تەشەنەی دەسەند لە هیگڵەوە بەرەو مێژووی فەلسەفە، وەك هەندێکیان پێی دەڵێن مێژووی کەینونەیی، تا پێکهاتە ئەنتۆتیۆلۆژییاکە وەدەربخەن وەك چۆن لایەنگرانی هایدگەر پێوەی سەرقاڵ و خەریکن، یان بۆ دۆزینەوەی پێکهاتە ئەفلاتۆنیەکەی کە لایەنگرانی نیتشە ئەم ناوەیان بۆ داتاشیوە، ئەگەر (لایەنگران) وشەیەکی پڕ بە پێستیان بێت..

ئەمان بە گشتی فیکری دیالەکتیکییان پێ عەیبدارو خەوشدارە، بەو حیسابەی ئەو فیکرە تارماییەکەو چەمکێکی لاوازە لەسەرجیاوازیبوون، بەو چەشنەش ناتوانێت چەمکێك لەسەر ناسنامە دابتاشێت و لە هاوتابەندی بەدووری نەگرێت، چونکە ئەوان خودگەرایی لە هاوتابەندێتی جیادەکەنەوە، وا لە زاتیش دەڕوانن کە ڕووشێنراوو داخورێنراوە، بەردەوام زات لە ناواخنەکەی خۆی دوور دەکەوێتەوە، بۆیە پێویستیان بە هیچ ڕێگرییەکی دەرەکیانە نییە، مادامەکی بەو چەشنە لەوی تر دەڕوانن وەك ئەوەی دوورایی خود بێت لە خودی خۆی، (سلب) نێگەتیڤ بەلایانەوە ئەوە نییە لە هەستی دەرەوەی خوددا بێت تا لە دژی بوەستنەوە بەڵکو ئەوەیە کە لە ناوەوە بنکۆڵی دەکات، (سلب)نێگەتیڤ بزاڤی دوورکەوتنەوەی زاتە لە خۆی، لەم چوارچێوەیەدا میشێل فۆکۆ بە لۆژیکی میتافیزیك بەم جۆرە لە هێمای یەکسانبوون دەڕوانێت وەك ئەوەی (تطابقي) هاوتابەندی ناسنامە بێت لەگەڵ خودی خۆیدا، وەك ئاماژەیەك بەو کەتاگۆریایەی کە زات ڕادەپەرموێنێ تا لە خودی خۆی بقوچێنێت و لێی هەڵبێت، لە کاتێکدا (تناقض) پارادۆکسی پێوەندی ئەلیف = نا ئەلیف کە دەکاتە دوو جەمسەرگەل کە هەوڵ بۆ هاوتابەندی دەدەن و بەو شێوەیە بەرەو یەکتر دەجووڵێن، لەمسەریشەوە زاتیەتی

**زەمان بۆ دەستنیشانکردنی (کائن) زیندەبۆ دێتە ئاراوە، نەک بۆ لە ئامێزنانی یان گەمارۆدانی، تا بیکاتە وتەبێژی هەموو جووڵانەوەکان، بە شێوەیەک کە جیاوازیبوون ئاماژەدەری خاڵە جیاوازەکان نەبێت بە تەنیا، بەڵکو ئاماژەدەر بێت بە جەمسەر و کەلێنەکان و بونیاتەکان**

ئەلیــف = ئەلیــف لە هەر جەمســەرێكدا بەهۆی ئەوی ترەوە كیان و بوونی خۆی بزر دەكات، بەم شــێوەیەیە كە ئەوان پارادۆكسی دیالەكتیكیــی عەیبدارو خەوشــدار دەكەن، چونكە ناگاتە جیاوازیبوون، خێرا دەیگێڕێتەوە بۆ هاوشێوەیی و هاوتابەندیی واتە پارادۆكس بــە لای دیالەكتیكناســانەوە زۆر جیاوازی نییە، بە ڕوانینی ئەوان نزیكە لە هاوشێوەیی و دەلالاتەكانی.

جیاوازیبوون بــە تەنیا بەربەســتێ نییە لە نێوان دوو شــتی لێكــدژدا، بەڵكو وەك دووركەوتنەوەیەكــە لــە نێــوان جەمســەرە هەمەشێوەكاندا ( ناڵێین لێكیان دەبەستێت یان پێكیان گرێدەداتەوە)ئەگەر بمانەوێت قسە لە بــارەوەی یەكەیەكی ئۆرگانیكی بكەین ئەو یەكەیــە وەك جووڵەیەكــی بەردەوامیدان بۆ یەكخستن یان جوێكردنەوە وایە، وەك هایدگەر ئــەو واتایەی هیراكلیتس لەســەر لۆگۆس دایتاشیوە بەم شێوەیە شرۆڤە دەكاتەوە(( ئەو یەكبوونەی كردارێكە بۆ دیاریكردنی واتایی لۆگۆسی ئەوە نییە كە ئێمە لە كۆكردنەوەی هاودژو دژلێكــەكان و كۆككردنەوەیان كۆیان بكەینــەوە، هەمەكێتی یەكگرتوو نمایشــی هەندێ شــتی هەمەجۆر دەكات كە پێكەوە لە یەك شــوێندا ئامادەییــان هەیە، كەواتە ئۆرگانێكە لێكدژەكان پێكەوە ئاشت ناكاتەوەو لێكیــان نابەســتێتەوە، جیاوازییەكە دوور لە بارادۆكس، ناســنامەیەكە بە هاوتابەند ڕاڤە ناكرێت، ناسنامەیەكە بریتیە لە جووڵەیەكی گواســتراوە، ناســنامەیەكە زەمانی خۆی دادەخورێنێت، زوو دەگەڕێتەوە دۆخی خۆی، گەڕانــەوەی یەكجارەكی ناكاتە گەڕانەوەی هاوتابەند..

ئەگەر بیرمەندانی جیاوازیبوون چەمكی ناســنامە لە شــوێنێكدا بپارێزن بەو شێوەیە ناســنامەی جیاوازی بكەوێتــە لایان، بەو مانایەوەیــە دریــدا دەڵێت((ناســنامە بــە ڕێكی بریتیە لە بزووتنــەوەی لەدایك بوون و خولڤاندنی جیاوازیــی و نابەرابەرییەكان، گواســتنەوەیەكە لە ڕایەكی جیــاوازەوە بۆ ئەوی تر، لە جەمســەرێكی بەرهەڵستكاری ئۆپۆزســیۆنەوە بۆ جەمســەری بەرانبەر)) كەواتە ناسنامە جووڵانەوەیەكی خۆگۆڕكێی گوازراوەییــە نەك بۆ ئەوی دیكەی دەرەوەی خۆی، بەڵكو لە كرۆكی ڕوكنەكانی خۆیدا، ئەم بیرۆكەیە وای لەمان كرد چاوبخشێننەوە بە دوالیزمەكانی كە میتافیزیك بەرجەستەی كردونەتەوە، نەك بەوەی جەمســەرێك لەسەر حیسابی جەمسەرێكی تر دەربخەن یان لەسەر حیسابی ڕۆح سەروەری بۆ جەستە بگێڕنەوە، یان شێوەو ڕووخسار لەسەر حیسابی ناوەڕۆك یان لەسەر حیسابی مانا دەستەواژە بهێننەوە، نەك بەو شــێوەیە هاوتابەندی نەهێڵن، بەڵكو وەك هێمایەك بۆ زەڕورەت، بە شــێوەیەك هەر جەمسەرێك لە جەمســەرە دوالیزمیەكان وا بەدەربكەوێت وەك ئەوەی بریتی بێت لە زاتی بەرانبەرەكەی..

لەمــەوە زەمان بــۆ دەستنیشــانكردنی زیندەبــۆ دێتە ئارا، نەك بۆ لــە ئامێزنانی یان گەمارۆدانی، بەڵكو تا بیكاتە وتەبێژی هەموو جووڵانەوەكان، بە شێوەیەك جیاوازیبوون ئاماژەدەری خاڵە جیاوازەكان نەبێت بە تەنیا، بەڵكو ئاماژەدەری جەمسەرەكان و كەلێنەكان و بونیاتەكانیــش بێــت، جیاوازیبــوون واتە دۆزینــەوەی بەراوردكارییــەكان بە هەموو واتاكانی زاراوەوە.

ئــەم یەكلایی بوونــە دەمانگوازێتەوە بۆ چەمكگەلی زەمانیی بە شێوەیەك كاتێ ئێمە جیاوازیبوون بخەینە ناو ناسنامەوە((ئەو كاتە ماوەیەك دەمێنێتەوە كە ئێستا جیادەكاتەوە بە شــێوەیەك كە خۆی نەبێت بــۆ ئەوەی ببێت بــە خۆی)) بە پێی گوزارشــتی دریدایی، فەلسەفە ناودێر دەكەن بەو جۆرەی كە بریتییە لە فەلســەفەی ئامادەگی، بــە وەهمێكی دەچوێنن كە پێویستە تێپەڕێنرێت، واتە هەوڵ بۆ تێپەڕاندنی دەدرێت، چاودەخشــێننەوە بە چەمكگەلی ئێســتاییدا واتە بەو چەمكەی زەمەنیی كە میتافیزیك بەرجەستەی كردووە و وا لــە وجود تێگەیشــتووە بــە دەلالەتی چەشنێكی دیاریكراو بۆ زەمان كە چەشنی ئێســتاییە (بە پێی دەربڕینی هایدگەریی)، چونكە چەمكی ئاسایی و فەلسەفی باو هەر لە ئەرســتۆوە تا هیگڵ درك بە زەمان ناكەن

**بە پێی گوزارشتی دریدایی، فەلسەفە وا ناودێر دەکەن بەو جۆرەی کە بریتییە لە فەلسەفەی ئامادەگی، بە وەهمێکی دەچوێنن کە پێویستە تێپەڕێنرێت، واتە هەوڵ بۆ تێپەڕاندنی دەدرێت، چاویش دەخشێننەوە بە چەمکگەلی ئێستاییدا**

مەگەر لە ئێستادا لێكی نەدەنەوە، هەرچی دەوترێت لەسەر ستایلی نوێی فەلسەفە لە دیكارتەوە تا هیگڵ ئەوەیە كە ئامادەگی وەردەچەرخێنێت تا لەبــەردەم زاتی كارادا ئامادە بێتەوە، بەڵكو ئەو ئامادەســازییەش وەردەگێڕێت بۆ بابەتێك كە لەبەردەم زاتێكی ئەكتیڤدا خۆی بنوێنێ، بابەتەكە دێتە ژێر ڕكێفــی كۆنترۆڵكردنی تەكنیكیانەی ئەو زاتە خۆیەوە، تەنانەت دیالەكتیكی هیگڵی كە وا لە مێژوو دەكات بزاوتێكی بەردەوامی ئێســتایی لێ دەربچێت(( كە ئێســتای ئێســتایی ڕابردووی ئێســتای تێپەڕێنێ بەرەو داهاتوویەكی ئامادە))

كەواتە تێپەڕاندنی میتافیزیك بە واتای داتاشینی چەمكێكی پێچەوانەی زەمانیە، ئەو كات مێژوو وەك قەدەرێك بۆ حەقیقەتی بوون وەدیدێــت، بە شــێوەیەكیش دەگاتە قەدەری خۆی((خۆی پێ دەبەخشــێت و هاوكات خۆی دادەپۆشــێت)) بەو شێوەیە ئێســتا ئامادە نابێت، بەڵكو لەگەڵ خۆیدا لە لێكدابڕان و دووركەوتنەوەی بەردەوامدا دەبێت..

لەمەوە ئەوان ڕەفزی چەمكی تێپەڕینی هیگڵییــەت دەكەن، هەمــوو مێژوویەكی هارمۆنی و گونجــاوو زەمانێكی گرێدراو لە خــۆ دووردەخەنەوە، لــە بەدواداچوونی هێڵەكانی پەرەســەندن خۆبە حەزەر دەكەن، ئامانجــەكان دیاریناكەن و ناســنامەكان بونیادنانێن، زۆر دەترســێن و بێزیان دێتەوە لەوەی بیر لە جیاوازییەكان بكەنەوە، وێنەی دڵنیابوون بۆ ناسنامە هاوتابەندەكان لەگەڵ خودی خۆیاندا ناهێڵنەوە.

*** بیرمەندی مەغریبی و ئوســتادی فەلسەفە لە زانكۆی ربات**

# دیموکراتیەتی.. پەرەپێدانی بەردەوام

کاتی ئەوە هاتووە هێزی ڕەق واتا هەردوو هێزی ئابووری و سەربازی لەناو پلاندانانێکی هاوسەنگ ئاڕاستە بکرێن بەرەو پەرەپێدانی بەردەوامی ئابووری، لەپێناو بەدیهێنانی سەقامگیری سیاسی کە ئێستا هەرێمی کوردستان زۆر پێویستێتی. بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش پێویستی بەکۆکردنەوەی هەموو تواناکان هەیە تاوەکو سامانی سروشتی لەهەرێمی کوردستان بەشێوەیەك سوودی لێوەربگیرێت کە لایەنی سلبی بۆ سەر ژینگە کەم بێت، لێرەشدا بۆ بەرێوەچوونی کارەکان و ئاڕاستەکان پێویستە دیموکراتیەتی پەرەپێدان پەیرەو بکرێت.


**د. ئەنوەر بەرزنجی**

**تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی**

وێرانبوونی ژینگەو شوێنەوارە پڕ لە مەترسییەکانی پیسبوونی ئاوو هەواو خاك؛ بەشەرییەتی خستۆتە بەردەم وەرچەرخانێکی مێژووییەوە، وەرچەرخانێك کە دەبێت چاوخشاندنەوە بەسەرجەم شێوازەکانی مامەڵەکردنی بەرامبەر بە سروشت و ژینگە بکرێت، ئەو مامەڵەیەی کە بەفیڕۆدانی سامانە سروشتیەکان و خراپ بەکارهێنانی ئەو سامانەی لێکەوتۆتەوەو هیچ پێشبینی و ئەگەرێکی بۆ داهاتوو دانەناوە کە تا دێت ئاوو هەواو خاکی زەوی پیس و ژەهراوی دەبێت و مەترسی توندی بۆ سەر بواری تەندروستی و بەشەرییەت هەبووە، تێکچوونی ژینگەو کەوتنەوەی کارەساتە سروشتیەکان و کەڵەکەبوونی زبڵ و خاشاك و پیسبوونی ئاوی سازکار هەوا تەنیا زەنگێکی مەترسیدارەو ئایندەی ڕەشی چاوەڕوانکراو بەگوێی بەشەرییەتدا دەدات. زەنگێك پێمان دەڵێت خراپ بەڕێوەبردنی سامانی سروشتی و بەفیڕۆدانی داهاتی نەتەوەیی تەحەدیی نوێی مرۆڤایەتیە لەم سەدەیەدا، لیستەر براونی شارەزا لەبواری ژینگە لەساڵی ١٩٨٠ ئاماژەی بەو زەنگە کردووەو رایگەیاندووە لەپێناو بەدیهێنانی هاوسەنگیەك لەنێوان شوێنەوارەکانی پیسبوونی ژینگەو توانای ژینگە لەپەرەپێدانی بەردەوام پێویستە رەچاوی سێ فاکتەر بکرێت، ئەویش

(ژینگە و ئابووری و کۆمەڵگایە)، لەبەرامبەردا خۆ بەشەرییەت ئەم لایەنەی پشتگوێ نەخستووە، دانانی یاساو رێسای تایبەت بەپاراستنی ژینگەو گرتنەبەری شێوازی نوێی مامەڵەکردن لەگەڵ سامانی سروشتی لەپاڵ واژووکردنی پرۆتۆکۆل و رێکەوتنە نێودەوڵەتیەکان هەمووی کۆمەڵێك هەوڵی کزی مرۆڤایەتییە بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ سروشت، تا چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەو ژینگە وێرانە بدۆزنەوە کە خودی بەشەریەت و خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ سروشتدا تووشی بووە.

قەیرانی ژینگەیی هاوکات بوو لەگەڵ کەوتنەوەی قەیرانی دارایی جیهان، کە ژینگەی ئابووری ئەم چەرخەیان خستۆتە بەردەم رووبەڕووبوونەوەیەکی راستەوخۆو رادەبەدەر، ئەمەش وایکردووە بیرۆکەی پەرەپێدانی بەردەوام رۆڵ و پێگەی خۆی لەناو چارەسەرەکاندا ببینێ، لەڕاستیدا ئێمەی مرۆڤ تەنیا زیندەوەرێك نین لەسەر گۆی زەوی بژین، ئەگەر نەتوانێت مەملەکەتی گیایی و ئاژەڵی رووبەرووی ئەو شوێنەوارە ببنەوە ئەوا سروشت دەستی بەهێڕشکردن و جەنگ کردووە، زنجیرە کارەساتە سروشتییە وێرانکار و کاریگەرییەکانی سەرەتای هەڵگیرسانی ئەو جەنگەیە. خراپ بەکارهێنانی سامانەکان و گوێنەدان بەژینگەپارێزی زیانی گەورەی لێدەکەوێتەوە ئەمەش وایکردووە سوود وەرگرتن لەئاوی پاك و خاوێن تەنیا ٢ ٪ لەئاوی جیهانی لەم ناوچەیە دەست دەکەوێت، بێگومان ئەم مەترسییە هاوکاتە لەگەڵ وشکەساڵی و کەوتنەوەی لافاوی وێرانکەر. لەکۆتایی ئەم سەدەیەدا ئەمباری ئاوی دیجلەو فورات زۆر بەتوندی کاریگەری لەسەر ئەم گۆڕانکارییە نوێیەی ژینگە دەکات کە وا دەکات چارەکێك ملیار لەدانیشتووانی تورکیاو ئێران و عێراق و سوریا بکەونە ناو گێژاوی کێشەی داهاتووی ئاو و شوێنەوارە خراپەکانی پیسبوونی. بەمجۆرە کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکە زۆر زیاتر بەرەو ئاڵۆزبوون و نائارامی دەچێت بەو پێیەی خراپی ئاو لەرووی جۆرو چەندایەتییەوە زەنگێکی مەترسیدارە بەرەو قەیرانێکی گەورە کە تێیدا شوێنەوارەکانی کاولکار دەبێت (گوڵان ژ:٨٠٧و٨١٧و٨٧٧)، هەربۆیە جیهانی مۆدێرن پێویستی بەسیاسەتێکی وا هەیە کە توانای کۆکردنەوەو هاندانی فەلسەفەو رۆشنبیری پەرەپێدانی هەبێت، ئەم گۆڕانکارییەش بەرەو سیاسەتی پەرەپێدانی ئابووری ڕێگا لەبەردەم چارەسەرە گشتگیرو سەرتاپاگیرییەکان دەکاتەوە لەبەردەم جێبەجێکردنی ئاسایشی (خۆراك و ئاو و وزە) کە چوارچێوەی بیرۆکەی جێبەجێکردنی ئاسایشی نەتەوەیی دیاری دەکات بەپشت بەستن بە ئابووری سەوز. مەسەلەی پەرەپێدانی بەردەوام کە ئێستا بۆتە بانگەوازو هەڵمەتێکی جیهانی یارمەتیدەرو

**بەتێکەڵ کردنی کەڵچەرو ژینگەو لایەنی ئەندازیاری هاوچەرخ و مۆدێرن دەتوانرێت ئەرتەرناتیڤێ لە بری تەنیا پشتبەستن بەنەوت و غاز بدۆزرێتەوە**

هاندەرە بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵێك لە وەزیفەکانی دامودەزگاو رێکخراوەکان تاوەکو ئەم دامەزراوانە رۆڵیان هەبێت لەپاراستنی ژینگەو پەرەپێدانی بەردەوام جێبەجێ بکەن و ئابوورییەکی وا بخوڵقێنن کە کۆمەڵگاکان و ئابوورییەکان توانای بەردەوامیان هەبێت.

ئەو هەوڵ و هەنگاوانەی کە ئێستا لە کوردستان لەبواری گەشەی ئابووری و پەرەپێدانی بەردەوام دەنرێت پێویستە لەو روانگەیەوە بێت، هێزی رەق واتا هەردوو هێزی ئابووری و سەربازی لەناو پلاندانانێکی هاوسەنگ ئاراستە بکرێن بەرەو پەرەپێدانی بەردەوامی ئابووری، لەپێناو بەدیهێنانی سەقامگیری سیاسی کە ئێستا هەرێمی کوردستان زۆر پێویستێتی. بەدیهێنانی ئەم ئامانجە پێویستی بەکۆکردنەوەی هەموو تواناکان هەیە تاوەکو سامانی سروشتی لەهەرێمی کوردستان بەشێوەیەك سوودی لێوەربگرێت کە لایەنی سلبی بۆ سەر ژینگە کەم بێت، لێرەشدا پتەوکردنی پەیوەندییەکان و دەستکردن بەدیالۆگ و گفتوگۆ لەسەر پلان و ئەو نموونانەی کە پێویستە جێبەجێ بکرێت، بەشێکی گرنگی ئیدارەکردنی پەرەپێدانی بەردەوامە، رەنگە بەڕێوەچوونی زۆربەی کارەکان بەشێوەیەك لەهەرەمی دەسەڵاتەوە بەرەو خوارەوە بێت لە شێوەی هەرەمێکدا، وا پێویست دەکات دەوڵەمەندی بکەین و بەپێچەوانەشەوە واتا لەسەرەوە بۆ خوارەوەش کارەکان بەڕێوەبچن، لەخوار هەرەمەکە بۆ لوتکەی بڕیارو دەسەڵات ئەمەش پێی دەوترێت دیموکراتیەتی پەرەپێدان (گوڵان ژ:٥٨٢و٨٦٦و٨٧٧).

لەئاڕاستەکردنی تواناو بیرۆکەکان بەرەو پەرەپێدانی بەردەوام رۆڵی کەرتی تایبەت لەم پرۆسەیە کەم نییە، کە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لەئەستۆیەو تا ئێستا جێبەجێی نەکردووە لەڕێگای دامەزراندن و دۆزینەوەی هەلی کارو تەمویلی توێژینەوەکانی پەرەپێدان، کە ئەمانە دەبنە هۆی دۆزینەوەی

**لە٢٠٥٠ ژمارەی دانیشتووانی جیهان بەرێژەی لە ٪٣٣ زیاد دەکات و داواکاری لەسەر خۆراک بەرێژەی لە ٪٧٠ بەرز دەبێتەوەو ئەو کات بەرهەمهێنەرانی خۆراک روو لەپاراستنی ئاسایشی خۆراکی وڵاتەکانیان دەکەن نەک ناردنە دەرەوەی خۆراک**

ڕێگا چارەسەری گونجاو بۆ پەرەپێدانی بەردەوام، بەڵام ئەم ئاڕاستەیە بۆ بەدیهێنانی بیرۆکەی پەرەپێدان هاندانی رۆشنبیری و خوێندنی پێویستی دەوێت لە ڕێگای دامەزراوەیەکی دەستەی ئیدارەو خوێندنی بەردەوام، ئەم ئاڕاستەیە بۆ بیرۆکەی بەردەوام دەبێت کەلتوورێکی بۆ بخوڵقێنی کە هۆشیاری و پەروەردەو خوێندن رۆڵیان هەبێت لەهەرێمی کوردستان، ئەمەش لە رەگ و ڕیشەی پرۆژەی ئیدارەی بەردەوام و پرۆژەکانی ژینگەو لایەنەکانی تردا دێت کە تێیدا قوتابیان رۆڵی بەرچاویان دەبێت لەچارەسەرکردنی ژینگەو ئاوو خاك و دیزاینی ئیکۆلۆجی و ریسایکلین و ئیدارەی زبڵ و خاشاك و ئیدارەی وزە، بەمشێوەیە ئاڕاستەی نوێی پەرەپێدانی بەردەوام ڕێگا لەبەردەم کەرتی تایبەت دەکاتەوە تاوەکو سوود لەدەرچووان وەربگیرێت کە ئامادەو راهێنراون لەگەڵ بازاڕی کاردا بگونجێن .

لە٢٠٥٠ ژمارەی دانیشتووانی جیهان بەرێژەی لە ٣٣ ٪ زیاد دەکات و داواکاری لەسەر خۆراك بەرێژەی لە ٪٧٠ بەرز دەبێتەوەو ئەو کات بەرهەمهێنەرانی خۆراك روو لەپاراستنی ئاسایشی خۆراکی وڵاتەکانیان دەکەن نەك ناردنە دەرەوەی خۆراك، لەم رێڕەوەدا جێی سەرسوڕمان نییە ئۆبامای سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وتی:(کێشەی خۆراك بەیەکێك لەگەورەترین تەحەدییەکانی سەدەی بیست و یەك دادەنرێت). ئەگەر داهاتەکانی نەوتی خاوو سامانە سروشتیەکان نەتوانێت لەئاست بەرزبوونەوە بەردەوامەکانی نرخی خۆراك بێت ئەوا هەموو داهاتەکانمان لەناو بازنەیەکی داخراو دەمێنێتەوە بۆ دابینکردنی خۆراکی گران لە وڵاتانی بیانیی، ئەم واقیعەش هاوکاتە لەگەڵ بەرزبوونەوەی

**لە کۆتایی ئەم سەدەیەدا ئەمباری ئاوی دیجلەو فورات زۆر بەتوندی کاریگەری لەسەر ئەم گۆڕانکارییە نوێیەی ژینگە دەبێت کە وا دەکات چارەکێک ملیار لە دانیشتووانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا بکەونە ناو گێژاوی کێشەی داهاتووی ئاو و شوێنەوارە خراپەکانی پیسبوونی**

رێژەی بەکارهێنان کە هەموو هەلەکانی لەبەردەم پەرەپێدانی ئابووری لەناو بردووە. ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی زۆربەی ئەم وڵاتانە بوونەتە کڕیاری چارەسەری وا کە تەنیا لەوڵاتانی پێشکەوتووەکان دابین دەکرێت لەکاتێکدا پێویست بوو چارەسەرەکان و میکانیزمەکانی لەناوخۆی وڵاتدا بەرهەم بهاتایە، لەم گێژاوەو داهاتووە پڕ لەمەترسییە چۆن کوردستان تێر بکەین؟ نەوت هۆکارە نەك ئامانج واتا پێویستە ئەم سامانە دەوڵەمەندو گرنگە لەپێناو بەرزکردنەوەی توانای کشتوکاڵ و بەرهەمهێنان بەکاربهێنرێت تا بتوانرێت بەڕێوەبردنی پەرەپێدانی بەردەوام مسۆگەر بکرێت و باری چالاکیەکانی بەبازاڕکردنی کاڵا خۆراکیەکان گەشە بکات. بڕیار بەدەستانی سیاسی پێویستە دەستپێشخەری ستراتیژی بکەن لەپێناو دانانی پلانێکی ستراتیژی لەم بوارەدا (گوڵان ژ: ٥٦٠و٧٩٩و٨١٣و٨٢٠و٨٢٩و ٨٣٨و٨٦٦و٨٧٧).

کوردستان بەیەکێك لەباخچە هەڵواسراوەکانی جیهان دادەنرێت بەو پێیەی یەکەمین میللەتن کە دەستیان کردووە بەکاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری، ژینگەی لەباری ئاوو هەواو خاك و دەوڵەمەندی کەلتووری دانیشتووانەکەی هەمووی لایەنی پۆزەتیڤن کە وایکردووە ئومێدی گەورە هەبێت بۆ پەرەپێدانی بەردەوام بەم پێیە بەتێکەڵ کردنی کەڵچەرو ژینگەو لایەنی ئەندازیاری هاوچەرخ و مۆدێرن دەتوانرێت ئەرتەرناتیڤێ لە بری تەنیا پشتبەستن بەنەوت و غاز بدۆزرێتەوە. گوڵان (٨١٣و ٨٣٤و ٨٣٥ و ٨٦٢) .